*Journal of Language Studies* Vol. 10, No. 1, Part 2, 2026, Pages (113-139)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.1.P2.7

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Reflection of Social Realism in Karwan Omar Kakasoor's *The Channel of the Armed Monkeys* and *The Defeates of Shadmal Family*

Samir Ahmad Ibrahim*
Department of Kurdish Language/ College of Basic Education/ University of Salahaddin
m.samerahmad0105@gmail.com
&
Dr. Karzan Mohsin Qader
Department of Kurdish Language/ College of Basic Education/ University of Salahaddin
karzan.qader@su.edu.krd

**Received:** 30/09/2025, **Accepted:** 14/10/2025, **Online Published:** 31/03/2026

## Abstract

This research entitled The Reflection of Social Realism in Karwan Omar Kakasoor's ‘‘ The Channel of the Armed Monkeys and The Defeates of Shadmal Family’’. It examines how social realism as an authentic branch of the realism school within the framework of artistic and literary genres particularly in novels which has made a significant contribution to the creation of beautiful and important texts. This branch highlights the problems and negative phenomena within society especially those that have caused societal regression and stagnation, reporting on them clearly, and attempts to find solutions to these problems. In

***Corresponding Author:** Samir Ahmed Ibrahim, **E-mail:** m.samerahmad0105@gmail.com.
**Affiliation:** University of Salahaddin - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

this research, the analytical descriptive method has been applied to introduce and present concepts, to analyze and evaluate subjects. The findings of this research demonstrate that the Kurdish society is not exempt from the social problems as femicide, impurity of marriage, the scourge of poverty, sexual assault, and several other topics. In both novels, the novelist tries to find solutions for these negative phenomena that continuously pose threats to members of society. Therefore, Kakasoor becomes the voice of those who are silenced and oppressed in society.

**Keywords:** Social realism, novel, the canal of armed monkeys, the Defeates of the Shadmall family, Kakasoor

## انعكاس الواقعية الاجتماعية في روايتي (قناة القرود المسلحة) و(إخفاقات عائلة شادمال) لكاروان عمر كاكه سور

سمير أحمد إبراهيم
**قسم اللغة الكردية / كلية التربية الأساسية / جامعة صلاح الدين**
و
أ. د. كارزان محسين قادر
**قسم اللغة الكردية / كلية التربية الأساسية / جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

يتناول هذا البحث الموسوم بـ "انعكاس الواقعية الاجتماعية في روايتي (قناة القرود المسلحة) و(إخفاقات عائلة شادمال) لـ "كاروان عمر كاكەسوور"، وكما هو معلوم فإن الواقعية الاجتماعية بوصفها فرعاً أصيلاً من مدرسة الواقعية في إطار الفن والأجناس الأدبية، خاصة في الرواية، قد قدمت خدمة بارزة لولادة نص جميل ومهم، لأن هذا الفرع يُظهر المشاكل والظواهر السلبية داخل المجتمع، خاصة تلك التي أصبحت سبباً لتخلف المجتمع وتجمده، ويقدم تقريراً واضحاً عنها، كما يسعى لإيجاد حلول لهذه المشاكل. في هذا البحث اتبعنا المنهج (الوصفي-التحليلي) لتعريف وعرض المفاهيم وتحليل وتقييم الموضوعات. يُظهر لنا هدف هذا البحث أن المجتمع الكردي ليس بمنأى عن هذه المشاكل الاجتماعية مثل: (قتل المرأة، الخيانة الزواجية، مشكلة الفقر، التحرش الجنسي، وموضوعات أخرى عديدة). حيث يحاول الروائي في كلتا روايتيه إيجاد حل لهذه الظواهر السلبية التي تشكل خطراً مستمراً على أفراد المجتمع، لذلك يصبح صوتاً لأولئك الذين هم صامتون في المجتمع ويتعرضون للظلم.

**الكلمات المفتاحية:** الواقعية الاجتماعية، الرواية، قناة القرود المسلحة، إخفاقات عائلة شادمال، كاروان كاكەسوور.

*Journal of Language Studies.* **Vol. 10, No. 1, Part 2, 2026, Pages (113-139)**

# ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) و (شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ)ی "کاروان عومەر کاکەسوور" دا

سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی/ زانکۆی سەلاحەدین
پ. د. کارزان موحسین قادر
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی/ زانکۆی سەلاحەدین

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) و (شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ)ی "کاروان عومەر کاکەسوور" دایە، هەروەك دەزانرێت ڕیالیزمی کۆمەڵایەتیش وەکو لقێکی ڕەسەنی قوتابخانەی ڕیالیزم لە چوارچێوەی هونەر و ژانرە ئەدەبییەکاندا، بە تایبەتیش لە ڕۆماندا، خزمەتێکی بەرچاوی بە لەدایکبوونی دەقی جوان و گرینگ کردووە، چونکە ئەم لقەیە کێشە و دیاردە ناشرینەکانی ناو کۆمەڵ دەخاتە بەرچاو، بەتایبەت ئەوانەی بوونەتە هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵ و چەقبەستنی کۆمەڵ بە ڕوونی گوزارشتیان لێدەکات، هەروەها هەوڵدەدات چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە. لەم توێژینەوەدا میتۆدی (وەسفی- شیکاری)مان پەیڕەو کردووە، بۆ ناساندن و خستنەڕووی چەمکەکان وشیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکان. ئامانجی ئەو توێژینەوەیە ئەوەمان پیشاندەدات کە کۆمەڵگەی کوردیش بەدەرنییە لەم کێشە کۆمەڵایەتییانە، وەك: (کوشتنی ئافرەت، ناپاکیی هاوسەرگیری، دەردی هەژاری، دەستدرێژیی سێکسی و چەندان بابەتی دیکە). کە ڕۆماننووس لە هەردوو ڕۆمانەکەیدا، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك دەدات بۆ ئەم دیاردە نەرێنییانەی، کە بەردەوام مەترسی لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگەدا هەیە، بۆیە دەنگی ئەو کەسانە دەبێت، کە لە کۆمەڵگەدا بێدەنگن و ستەمیان لێدەکرێت.

**کلیلی وشەکان:** ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی، ڕۆمان، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ، کاروان کاکەسوور.

## 1: پێشەکی:

ئەدەب لە هەموو سەردەمەکاندا ئاوێنەی ڕوونی ژیان و واقیعی کۆمەڵگە دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە گرنگترین لقەکانی قوتابخانەی ڕیالیزم، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لە نواندن و خستنەڕووی کێشە و دەردە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕێت. ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی نەک هەر وێنەگرتنی واقیع بەتەنیا، بەڵکو شیکردنەوە و خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەو کێشە و ناهەمواریانەیە کە کۆمەڵگە تووشیان دەبێت. ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هەوڵی ئەوە دەدات کە بە ڕێگای هونەر و ئەدەبەوە، خەڵک ئاگادار بکاتەوە لەو زامانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا شاراوەن و هانیان دەدات بۆ گەڕان بە دوای چارەسەری گونجاو .لە ئەدەبی کوردیدا، ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی ڕەگی قووڵی هەیە و بەردەوام گەشەی کردووە. ئەم ڕەوتە بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، بە هۆی پێویستی کۆمەڵگەی کوردی بۆ هۆشیاربوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەی کە تووشیان بوون، گەشەی کرد. "کاروان عومەر کاکەسوور" لە هەردوو ڕۆمانەکەی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" و "شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ"دا، توانیویەتی بە شێوەیەکی وردبین و جوانکارانە ئەو دەرد و کێشانە بخاتەڕوو کە کۆمەڵگەی کوردی تووشیان بوو و هەوڵیداوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە بیان خاتەڕوو.

**2-1: سنووری توێژینەوە:** بۆ سنووری ئەم توێژینەوەیە، هەردوو ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) و (شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ) ی "کاروان عومەر کاکەسوور"مان هەڵبژاردووە.

**3-1: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی توێژینەوە لە بابەتی ریالیزمی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) و (شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ) ی "کاروان عومەر کاکەسوور" ، تا ئێستا ئاوڕێکی وای لێنەدراوەتەوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین، ئەم بابەتە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگران فەراهەم بکەین، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگدانەوەی ریالیزمی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی کوردی و بەتایبەتیش لە ڕۆماندا.

**4-1: ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پیشـــاندانی ریالیزمی کۆمەڵایەتییە لە ڕۆماندا، بەدیاریکراوی لە هەردوو ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" و "شـــکســـتەکانی بنەماڵەی شـــادماڵ"ی "کاروان عومەر کاکەســـوور"دا، کە لقێکە لە ڕیالیزم، ڕۆماننووس چۆن توانیوویەتی کێشـــەکانی کۆمەڵگای کوردی لەناو دەقدا پیشـــانبدات و بە چ شـێوەیەك چارســـەر بۆ ئەم کێشانە دەخاتەڕوو.

**5-1: ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم ڕێبازەی لەم توێژینەوە ئەدەبیەدا پەیرەومانکردووە بریتییە لە: (وەسـفی - شـیکاری)، ڕێبازی وەسـفی بۆ خسـتنەڕووی لایەنی تێۆری توێژینەوەکە بەشـێوەیەکی زانسـتی، لە بەشـی پراکتیکیشـدا بە ڕێبازی (شـیکاری) مامەڵەمان لەگەڵ دوو ڕۆمانەکە کردووە.

**6-1: پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەمشێوەیە: بەشی یەکەم تایبەتکراوە بە قسەکردن لەسەر واتا و چەمکی ریالیزم و مێژووی سەرهەڵدانی ریالیزم، هەروەها باسی ریالیزمی کۆمەڵایەتی کراوە. بەشی دووەمیش تایبەت کراوە بە پراکتیزەکردنی ریالیزمی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) و (شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ) ی "کاروان عومەر کاکەسوور" دا.

**1-2: واتا و چەمکی ڕیالیزم:**

ڕیالیزم لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان بەمشـــێوەیە باس لە واتاکەی کراوە، بیروباوەڕێکە کە زانیین دەخاتەڕوو، ورد و بابەتییانە لە بارەی واقیعەوە، وەك کۆتایی چالاکییەکی ئەدەبییە. (علوش، 1985، ص232). زاراوەکە لە دوو وشە پێکهاتووە "real" و "isme" کە هەردووکیان بەسەریەکەوە واتە: حاڵەتی بینینی واقیع بەو شـێوەی کە هەیە. (پیربال، 2021، ل95). هەروەها وشـەکە بە واتای "ڕاسـتەقینە خوازی" یش هاتووە. (بکر، 2023، ل5). لە زمانی لاتینیدا بە واتای شـــتی هەســـتپێکراو دێت. (الحمداني، 1989، ص155). ئەحمەد سالاریش پێیوایە "Realiry" واتای حەقیقەت دەگەیەنێت، نووسەرانی تریش هەن پێیانوایە زاراوەکە واتای ئەوەی لە واقیعەوە هەڵقووڵاوە دەگەیەنێت. ( خدر، 2006، ل144). بەشـــێوەیەکی گشـــتی دەبینین واتای زاراوەکە لە دەوری "واقیع" یان "حەقیقەت"دا دەخولێتەوە و لەو ڕۆژگارەی ئەمڕۆشـــماندا، کاتێك ئەو زاراوەمان بەر گوێ دەکەوێت یەکسەر بیرمان بۆ لای "واقیع" دەچێت.

ئەگەر بێت و بۆ پێناسـەی کردنی ئەم قوتابخانەیە بگەڕێین، ئەوا بۆ ئەم مەبەسـتە چەند پێناسـەیەک دەخەینە ڕوو. ((ڕیالیزم ڕێژەیەکە لە واقیع، کە بوونی ڕاستییە لە سروشت و مرۆڤدا، واقیعیش دوو جۆرە ڕاستەقینەیی و هونەریی یەکەمیان: ئەوەیە کە مرۆڤ لە باسـکردنەکەیدا ڕاسـتگۆیانە ئەو شـتانە دەخاتەڕوو، کە لە واقیعدا هەن، نموونەیەک لە واقیع دەدات بە دەستەوە هەروەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی. دووەمیان: ئەوەیە کە لە ئەدەبدا پشتی پێ

پێیەســـتراوە داهێنانێک بەر هەمدەهێنێت بۆ واقیع مەرج نییە دەقاودەق ڕاســـتیی بێت. ڕاســـتە بنەماکانی لە واقیع وەردەگیرێت، بەڵام دەســـتکاریی دەکات و لێی زیاد و کەم دەکات و دووبارە دایدەهێنێتەوە بۆ ئەوەی واقیعێک بێنێتە کایەوە واقیعی ڕاســـتەقینە نەبێت، بەڵکو لاســـایی کردنەوەیەتی و توانای بوون و مەزەندەکردنیەتی، چونکە بە دەوریدا دەخوولێتەوە و پابەند دەبێت بە مەرجەکانی)). (الأصفر، 1999، ص133). کەواتە: بە پێی ئەم پێناسەیە ڕیالیزم پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆی هەیە بە هەردوو لایەنی واقیع وەک لایەنێک، یان ڕەهەندێکی ســـروشـــتی لەلایەک، ڕاستی وەک لێکدانەوەیەکی فەلسەفی بۆ ڕیالیزم لە لایەکی دیکەوە.

هەروەها "گیورگی گاتشـیف" یش بەمشـێوەیە پێناسـەی ڕیالیزم دەکات ((ڕیالیزم بریتییە لە ســەرلەنوێ بەرهەمهێنانی واقیع لە شــێوەی هەمـان ژیـانـدا)). (غـاتشـــیف، 1990، ص245). نەک وێنەگرتنی واقیع بەبێ زیادکردن و کەمکردنی دروســتکردنەوەی جیهانێک، وەک ئەوەی کە هەیە "بیلینیســکی"ش بەمشــێوەیە پێناســەی ڕیالیزم دەکات: ((دووبـارە دروســـتکردنەوەی واقیعـە لەگەڵ هـەموو ئەو ڕاســـتییـانەی، کە واقیعیەکە لە خۆی دەگرێت)). (التكريتي، 1990، ص225).

لە م پێناســانەی ســەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین بڵێین: ڕیالیزم قوتابخانەیەکی ئەدەبی هزرییە، کە واقیعی ژیان لە کۆمەڵگەدا وێنا دەکات، شـــۆرشـــێکە دژ بە خراپەکانی ژیان، هەوڵێکە بۆ چارەســـەرکردنی زانستییانەی کێشە و گیرگرفتەکان، داوای داهێنانی ئەدەبی دەکات، ئەدیبانی سەر بەم ڕیالیزمە کێشەکانی کۆمەڵ دەکەن بە بابەتی ســـەرەکی لە بەرهەمەکانیان و بابەتی ئەزموونەکانیان لە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکانی ســـەردەم و کەسایەتییەکان لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگە وەردەگرن.

## 2-2:مێژووی سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕیالیزم:

ناتوانین بە ئاســانی دەســتنیشــانی ســەرەتای ســەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕیالیزم بکەین، بە هۆی جیاوازیی بیروڕای لێکۆڵەران ســەبارەت بە دیاریکردنی مێژووی ســەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە، ئەمەش بە هۆی جیاوازیان لە دیاریکردنی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی ڕیالیزم، هەندێکیان ئەم دەستەواژە تەنها لە ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمدا لە کێشانی وێنەی هونەرییدا بینیووە، بە بوونی ڕیالیزم هەتا لە داســـتانەکانی "هۆمیرۆس و ئەســـخیلۆس و ســـۆفۆکلیس" . ئەوانەش کە وتیان وێنەکێشـــان نابێتە ڕیالیزم و قوتابخانەی ڕیالیزم دەســـتپێناکات هەتا تێگەیشـــتنی هونەریی وەك واقیعی لێدێت، کاتێک ئەم تێگەیشتنە دەچێتە ناوەوە، نەک لە یاسا ئەندێشـەییەکاندا (ئەفسـانەناسیی لای گریک و لایەنە شاراوە و پەنهانەکانی دیکە دلە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵکو لە یاسا ڕاستەقینەکاندا کە تایبەتن بە ژیـانی مرۆڤ و کۆمەڵ، ئەم چەمکـانە بە ئـەفرانـدن و داهێنـانی دیـاردە جۆر بە جۆرەکـانی واقیع دادەنرێت)). (التكريتي،1990، ص333). ڕیالیزم وەک دیاردەیەکی مێژووی لەو کاتەوە سەریهەڵداوە، کە کۆمەڵ هەست بە ئێش و ئـازار و جیـاوازی چینـایەتی دەکـات. واتە: لەگەڵ هۆشـــیـاربوونەوەی کۆمەڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بێ کەموکوڕی نییە، بۆیە، ئێمە ڕیالیزم بە تـاکە قوتـابخـانـە یـاخود دوا قوتـابخـانـەلە هونەردا دانـانێین، بەڵکو جەخت لەســـەر ئەوە دەکەینەوە، کەوا قوتابخانەیەکە لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك تایبەتمەندی خۆی هەیە. (فضـــل، 1978، ص42).

بەڵام ڕیالیزم وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی و کات و مێژووی ســـەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاســـتی ســەدەی نۆزدەهەم، کە لە دوای ڕۆمانسـیزم دەرکەوت و سـەریهەڵدا. سـەرەتای ناونانی قوتابخانەکە ، زاراوەی "ڕیالیزم" بۆ یەکەمجار ڕۆماننووســـی فەڕەنســـی "شـــامپفلێری-champfleury 1821-1889" لە ســـاڵی " 1843" لە یەکەمین نووسینەکانی خۆیدا هێناویەتە ئاراوە. (تيجيم، 1983، ص240). لە "مانیفێستی ڕیالیزمدا" ئاماژە بەوە دەکات و نووســیوویەتی: ((ناونیشـــانی ڕیالیســـت دەدرێتە پاڵ من وەکو چۆن ناونیشـــانی ڕۆمانتیک دەدرێتە پاڵ نووسـەر و شـاعیرانی سـاڵی 1830)). (حوسـێنی، 2006، ل85). هەروەها "شـامپفلێری" لەگەڵ یەکێك لە هـاوڕێیـەکـانی بەنـاوی "دوورانتی-Duranty" گۆڤـارێکی ئەدەبی دەرکرد بە نـاوی "ڕیـالیزم" مـاوەی

ساڵێک بەردەوام بوو چەند وتارێکی لە سەر چەمکی ڕیالیزم بڵاوکردەوە و لەو نووسراوانەدا بنەما سەرەتاییەکانی ڕیالیزم دیاریکرا وەک:-

1- هونەر، دەبێت نواندنێکی وردی جیهانی واقیعی پێشکەش بکات.
2- لە ژیان و دابونەریتی کۆمەڵ بکۆڵێتەوە لە کاتی تێبینیی ورد و شـــیکردنەوەی هەســـتیار ئەو کارەش جێبەجێ بکرێت بەشێوەیەکی بابەتی دوور لە هەست و سۆز و بەربەرەکانیەتیی کەسایەتی.
3-ڕۆماننووس دەبێت پێش هەموو شتێک لە دیمەنی کارەکتەرەکان بکۆڵێتەوە پرسیاریان لێبکات و لە وەڵامەکانیان وردبێتەوە و شارەزایی لە شوێنەکانیان پەیدا بکات و لە دراوسێیەکانیان بپرسێت بەمەش دەگاتە زانیارییەکی ڕوون بەوشێوەیەی کە لە خەیاڵی خۆی دایناوە. (فضل، 1978، ص13-14).

قوتابخانەی ڕیالیزم وەکو کاردانەوەیەک بەرانبەر بە ڕۆمانسـیزم سـەریهەڵدا، چونکە ڕۆمانسـیزمەکان لەنێو خەو و خەیاڵدا ڕۆچووبوون و مرۆڤیان لە واقیع دووردەخستەوە لە ڕێگای سازاندنی جیهانێکی ناواقیعی بەربەستێکیان لە نێوان خۆیان و خەڵکدا دروست کردبوو. ((ڕیالیزمی ئەوروپی لە نیوەی دووەمی سـەدەی نۆزدەیەمدا لە وەڵامی ڕۆمانسـیزم سـەریهەڵدا، کە زۆر لە خەیاڵ و وەهم و خەوندا دەژیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری مرۆڤ و نەهامەتییەکانی لە خەباتی ڕۆژانەیدا لەنێو کۆمەڵگە و هەل و مەرجی تایبەتیدا بەمشێوەیە ڕیالیزم لە کاردانەوەی ڕۆمانسیزم سەریهەڵدا، هەر وەکو چۆن پەرناسیزم و سیمبۆلیزم لە ڕووی جوانی و ڕووخسارەوە وەڵامیان دایەوە)). (الأصفر، 1999، ص86).

کاتێکیش دێینە سەر باسی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، پێویست دەکات چاوێك بە مێژووەکەیدا بخشێنینەوە. وەك ئاشکرایە ئێمەی کورد خاوەنی ئەدەبێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرین، دەتوانین بڵێین: کە ئەم ئەدەبەش بەرهەمێکی زۆری تێدایە کە بنەچە و ڕەگوڕیشـەی ڕیالیزمی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە بەرهەمی فۆلکلۆری ڕەنگدانەوەی کەتواری ژیانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەر لە ژیانی جووتیاری و لادێنشینی و ژیانی ناو دیوەخانی کوردەوارییەوە، ئەمانە لە خۆیاندا کۆمەڵێك بەرهەم پێکدەهێنن، کە دەشێن بچنە ناو خانەی ئەدەبی ڕیالیزمییەوە، لەم بارەیەوە "د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ" سەبارەت بە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەڵێت: "فۆلکلۆری کوردی بوو بە بناغەی بەهێزی نوێکردنەوەی شـیعری کوردی، شـاعیرانی تازەمان لە فۆلکلۆرەوە کێشـی شـیعرییان وەرگرت و سوودیان لە داستان و گۆرانییەکان بینی، جیا لەمانەش ناوەڕۆکی فۆلکلۆری کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر شاعیر و ئەدیبانی ڕیالیستی لە ئەدەبی کوردیدا". (رسول، 2010، ص10). بە پێی ڕایەکی دیکە ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا لە سەدەی بیستەمدا زیاتر سەرهەڵدەدات و جۆرەکانی ڕیالیزمی بەخۆیەوە بینی و بووە مەیدانێکی کاریگەر بۆ گەشەسـەندنی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، بە لامانەوە ئەدەبی کوردی زیاتر بە ئەدەبی ڕیالیزم دەناسـرێت، چونکە ڕیالیزم زیاتر دەتوانێت لەکێشـەکانی ژیانی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ نزیك ببێتەوە و دەبێتە ئەو ئاوێنە ئەدەبییەی خوێنەری بەرهەمی ئەدەبی زیاتر چێژی لێببینێت. (مستەفا، 2009، ل29).

ئاشـکرایە کە لە پێش قوتابخانەی ڕیالیزمی لە ئەدەبی کوردیدا، لە دەقە ئەدەبییەکاندا پێڕەوی ڕۆمانتیکی دەکرا، سـەرەتاکانی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی دوای جەنگی یەکەمی جیهان دەرکەوت، ڕۆمانتیکی تەمەنێکی درێژی نەبوو لە ئەدەبی کوردیدا، دنیایەکی پڕ لە خەون و خەیاڵ بوو، شـاعیر و ئەدیبانی پێڕەوی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە گەلێك لەو واقیعە سـەختە دابڕابوون و دوور کەوتبوونەوە کە کۆمەڵگەی تێدا دەژیا، ئەمان لە بری ئەوەی ڕێگەخۆشکەر بن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك و دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵ و پەنجە خستنە سـەر برینەکان و گەڕان بۆ چارەسـەرییان، شـوێن خەون و سـۆز و ئەندێشـەکانیان کەوتبوون و بەم ئاراستەیەش زیاتر زامەکان قووڵتر دەبوونەوە. سەختی بارودۆخەکە و پێویستیی قۆناغەکە وایکرد، کە شاعیر و ئەدیبان ڕووبکەنە قوتابخانەیەکی نوێ و بەرهەمەکانیان لە واقیعی ژیانی کۆمەڵەکەیان هەڵبهێنجێنن و بە بەرهەمەکانیان وێنەیەکی ڕوونی واقیعی سـەردەمەکەیان بکێشـن و ببنە ئاوێنەیەکی ڕوون بۆ دەرخستنی زام و

ئارێشـــە ئاڵۆزەکان و ئەو هۆکارانەی ڕێخۆشـــکەرن بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارە، هەروەها هانی خەڵکی بدەن لەگەڕان بە شوێن چارەسەری گونجاو لەکەمکردنەوەی خەم و کێشەکانی کۆمەڵگە.

پەیدابوون و پێرەو کردنی ڕیالیزم پێویســتییەکی زۆر گرنگە لەم بوارەدا. ئیتر ڕیالیزم بە چالاکییەکی فراوان لە بەرهەم و دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، و پێرەوکەرانی ئاوێتەی ڕووداوەکانی ســـەردەمەکەن لە هوشـــیارکردنەوەی خەڵکیدا ڕۆڵی کارا دەبینن. کەواتە: لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەبەر ئەوەی پێویســتییەکی ژیان هەر لەسـەرتاوە هێناویەتییەکایەوە، کە پێویستیی گەڕانەوە بۆ سەر زمانی زگماکی کوردییە، لەبەرئەوە هەر لەسـەرەتاوە هەندێ بنەما و ڕەگوڕیشـــەی دەربڕینی ژیانی خەڵکی تیادایە و ڕیالیزم لە زەوی ئەو ئەدەبیاتە ڕەگ دادەکوتێ، دەتوانین لە هۆنراوەکانی شـاعیرانی وەك "بابە تایەری هەمەدانی و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و نالی و ســالم و چەندانی دیکە " دا بە تەواوی ئەم بنەما و ڕەگوڕیشـــانە بەدیدەکەین، چونکە شـــیعری ئەم شـــاعیرانە ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵی کوردی تیا بەدیدەکرێت. ( غفور، 2015، ل120) . ڕیالیزم زۆریشـی ویستووە، تا بووە بە پێرەو و قوتابخانەیەکی ئەدەبیی وا کە ڕێوشوێنی دیاری هەبێت و پانتایی بەرهەمی ئەدەبی کوردی بگرێتەوە. ماوەی نێوان هەردوو جەنگی گەورەی جیهانی، ماوەی دەرکەوتن و گەشـەسـەندنی بنەما و ڕەگوڕیشـــەی قوتابخانە ئەدەبییەکانی ترە، ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی و دوای جەنگ کێشـــە و ململانێی ڕۆمانتیك و ڕیالیزمە، دوای جەنگ دەبێتە هۆی چەســـپاندنی خەســـڵەتەکانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا. (س.پ، ل87-91). ئەمەش لەبەرئەوەیە ژیانی میللەتی کورد وایدەکرد هونەر وردە وردە ببێت بە ئاوێنەی ژیان و خەباتی گەل و هونەرمەندانی زیاتر بە نیشـــتیمان و گەلەوە دەبەســـتەوە. بەمجۆرە بەرە بەرە بابەتەکانی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگدا، باویان نەما و بەرەو نەمان دەچوون، یان لە جۆری دەربڕیندا گۆڕانیان بەسـەردا دەهات، شـاعیر و ئەدیبانی ئەم سەردەمەی ئەدەبی کوردی دەستیان کرد بە پەرەپێدان و بەرەو پێشبردن و فراوانکردنی ئەو بنەچە و بنەما و ڕەگوڕیشـــەکانی ڕیالیزم، تا وای لێهات لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی ژیانی نەتەوەی کورد دا لە ســـەرەتای جەنگی دووەمی جیهان قوتابخانەیەکی ڕیالیزمی تایبەت بێتە ئەنجام و ناوەرۆکی ئەمجۆرە ئەدەبە تازەیە دەست بەسەر بەشی زۆری ئەدەبەکەماندا بگرێت.

بەدەربڕینێکی تر، وەك دەزانین ماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، ماوەی کێشـــەی نێوان قوتابخانە ئەدەبییەکانی جیهان بوو، پاشـــان کێشـــەکە بە ســـەرکەوتنی ڕیالیزم کۆتایی هات. لە ئەدەبی کوردیشـــدا، ئەدەبی ڕیالیزمی ســـەنگی خۆی دیاریکرد و ژیان و خەباتی گەلی کورد شـــانبەشـــانی گەلانی جیهان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیمپریالیزم دا بە جۆرێکی هونەرمەندانە ڕەنگدەداتەوە. دەتوانین بڵێین: سەرەتای سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانە، لە ســـاڵانی جەنگی دووەمی جیهانی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆشـــیاری نەتەوەیی و گیانی شـــۆڕشـــگێری، ئەدەبی کورد ڕووەو قوتابخانەی ڕیالیزم هەنگاوی خێرایان ناو ڕووداوەکان دەبنە هەوێنی بابەتە ئەدەبییەکان. (حوسێن، 1995، ل72).

### 3-2: ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی:

لقێکی ڕیالیزمە، کە باس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. زاراوەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی دوو واتای هەیە: بە واتا تەسـکەکەی ئاماژەیەکە بۆ هونەری نیگارکێشـان کە بابەتەکانی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام بە واتا فراوانەکەی ڕەهەندێکە بە بەرجەستەکردنی سیما ناوخۆییەکانی شـوێن بەسـتراوەتەوە.(عومەر، 2011،ل29) ئەمجۆرە ڕیـالیزمە بـاس لە کێشـــە و گیروگرفتەکـانی کۆمەڵ دەکـات، گیروگرفتەکـانی هەر کۆمەڵێکیش تا ڕادەیەک جیا لە کۆمەڵێکی دیکە. ((ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی شـێوازێکی بابەتی ســادەیە لەســەر

چارەنووســە هاوبەشـــی کۆمەڵێ خەڵک دامەزراوە لە ململانێ لەگەڵ واقعیع)). (طابور، 1990، ص207). هەروەها هەوڵێکە بۆ وروژاندنی خەڵک و برەودان بەهێزەکەی لە ڕێگای هونەر و ئەدەب و وێنەکێشـــان و پەیکەرتاشین. (مستەفا، 2009، ل115). "کۆربیە" هونەرمەندێکی شێوەکاری فەرەنسییە و ، بەلای ئەوەوە ئەو ڕیالیزمە هونەرە و ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی لەو تابلۆیانە کە کێشـــاویەتی ڕەنگیداوەتەوە و هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پێویستە هونەرمەند لە کاتی وێنەکێشـاندا شـێوازێکی ڕوونی هەبێت و لە دارشـتندا بەدیقەت بێت و بـابەتەکەی لە واقیعی ژیـان هەڵقوولاو بێـت و ئەم شـــێوە بگرێتە بەر و تەواو کـارە هونەرییەکەی بکـاتە ئامرازێکی پێوەندی بە جەماوەر و ژیانیانەوە، کێشـــەکانیان چارەســـەر بکات)). (مســـتەفا، 2009، ل115) نووســـەر دەبێت ئاگاداری کێشـــەکان بێت و دوورە پەرێز نەبێت لە خەڵکی و هەسـت بە ئازارەکانیان بکات، هەروەهـا وەکو مرۆڤێـک نـابێت بەهـاکـانی مرۆڤـایەتیش لەبیر بکـات. نووســـەری ڕیـالیزمی بەرگری لە دادپەروەری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکـان دەکـات. کـارەکە دەبێت بەمشـــێوەیە بێت، ئەگینـا ئـامـانجی خۆی نـاپێکێت لە خزمەتکردن بە کۆمەڵگە، هەروەهـا دەبێت ڕاســـتگۆ بێ لەگەڵ خۆی و هەموو شـــتێکی تر. (بورسوف، 1974، ص138) نووسـەر لە ڕێی دەقەکانیانەوە کێشـە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە بەرچاو بەمەش ســـەرنجی خوێنەریان وەرگر بۆ لای دەقەکە ڕادەکێشـــێ و کاری تێدەکات چەند دەق لەو کێشـــە و گرنگانەوە نزیک بێت ئەوەندە دەتوانێ خزمەتی کۆمەڵ و تاکەکانی کۆمەڵگە بکات و نەمری بە دەسـت بێنێت بەرنادشـۆ دەڵێت: نووسـەر دەتوانی هەمیشـە ناوەرۆکی دەق لە کێشـە کۆمەڵایەتیی و ململانێیەکانی ناو کۆمەڵ بە دەسـت بهێنێت، هەموو کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە بابەتێکی گونجاو بۆ دەقەکە. (ســـودانی، 1975، ص112). نووســـەرانی ڕیالیزمی زۆر گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و لە هەموو ســـەردەمێکدا ئەو هەڵوێسـتەیان دەبێت و دووبارە بۆتەوە تێکۆشـاون بۆ بەدەسـتهێنانی ژیانێکی یەکسـان و ئازا و لەژێر سـایەی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا ســـروشـــتی مرۆڤایەتی بە پێی بیری "مارکس" شـــتێ نییە جگە لە بەروووبوومی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. (بورســـوف ،1974، ص61). هەروەها ناتوانین بڵێین ئازادی ڕاســـتەقینە و کاریگەری لەو کۆمەڵگەیانەدا هەیە ، کە لەسـەر دەسـەڵاتی خۆ دەوڵەمەندکردن و بەرژەوەندی خواز دروست دەبن، لەو کۆمەڵگـەیـانەی کە چینی کرێکـار ڕەنجدەری تێدا برســـی بێت، تـاقمی دەوڵەمەندەکـانیش وەکو مشەخۆرێک لەسەر خوێن و ڕەنجی ئەوان بژین. (مجموعة من المؤلفين، 1976، ص25).

ئەمجۆرە ڕیالیزمە لە لایەن خوێنەرەوە پێشـــوازییەکی باشـــی لێکرا، چونکە هەر زوو لەگەڵ هەســـت و سۆزیان تێکەڵ بوو، ئەویش خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانیان بوو. گومانیش لەوەدا نییە کە هەر سێ دەردی "هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشـــی" بەشـــی هەرە زۆری کێشـــەکانی کۆمەڵگە بوون. (فەیزی، 2006، ل150). ڕۆمـاننووســـانی کوردیش هەموو کـات خـەمخۆری کۆمەڵگـەی خۆیـان بوونـە و زیرەکـانە پەنجەیان خسـتۆتە سـەر دەردە کۆمەڵایەتییە کوشـندەکان بۆ خەڵکیان ڕوونکردۆتەوە، کە چەند مەترسـیدارن و دەبێت هەوڵی خۆرزگارکردن بدەن لێیان.

**4-2: ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕۆمانی**

## 5-2: ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی:

وەك لە پێشــتر باســمانکرد، ئەم لقەی ڕیالیزمە، باس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و دیاردە دزێو و دەرد و کێشــە و گرفتەکانی کۆمەڵ دەردەخات. نووســەر دەقەکە بە شــێوازێکی ڕوون دەخاتەڕوو و بابەتەکەی لە واقیعی ژیان وەردەگرێت. کە پەیوەندی بە کۆمەڵگەکەیەوە هەیە و کێشـــەکانیان دەخرێتەڕوو بە مەبەســـتی دۆزینەوەی چارەســەر بۆیان، چونکە ئەدەب ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ پەیوەندی بە تاکەوە هەیە، تاکیش چ وەک خوێنەر، چ وەک بەرهەمهێنەری دەق بەشـــێکە لە کۆمەڵگە و لێیی جیانابێتەوە، لێرەشـــەوە ئەدەب دەبێتە بەرجەســـتەکاری ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە تاک و کۆیەوە. (بیرێژی، 2013، ل5). کێشـــەی کۆمەڵایەتییەکان بوارێکی فراوانیان هەیە نووسەران دەتوانن سوود لەو کێشانە وەربگرن بیانکەنە بابەتی دەقەکانیان و بە شێوەیەکی واقیعیانە بیانخەنەڕوو، بەم هۆیەوە دەقەکانیان لە جەماوەر نزیک دەبنەوە و لەگەڵ خەم و ئازارەکانیان یەکانگیر دەبن. بەمەش نوســـەر ئامانجەکەی دەپێکێت و ســـەرنجی وەرگر و خوێنەریش بۆ لای خۆی ڕادەکێشـــێت و پێی کـاریگەر دەبێـت و نـەمریش بۆ دەقەکە بە دەســـت دێنێـت. (حـەویز، ۲۰۱۸، ل 106). میللەتی کورد لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و مێژووییدا، دووچاری چەندین کێشـــە و گیروگرفت بووە. ئەم گرفت و کێشــە کۆمەڵایەتیانە لەناو هۆنراوە و داســتان و چیرۆک و ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە، ئێمەش لێرەدا باس لەو بـابەت و کێشـــە کۆمەڵایەتییـانە دەکەین، کە لەنـاو هەردوو ڕۆمـانـەکەی "کـاروان عومەر کـاکە ســـوور"دا خراونەتەڕوو، چونکە لەم بوارەدا ڕۆمـاننووس توانیویەتی زۆر ســـەرکەوتووانە دەردە کۆمەڵایەتییەکـان و هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆمەڵ بخاتەڕوو، ئاماژە بەو خاڵە لاوازانە بکات، کە لە هەندێک بیرکردنەوەی هەڵە و بەرژەوەند پەرستیدا خۆی دەبینێتەوە.

### 1-5-2: کوشتنی ئافرەت:

یەکێک لە کێشە و دەردەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەت، کوشتنی ئافرەتە بە بیانووی نامووس و شــەرەفپارێزی، چونکە ناموس و شــەرەف کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتین، پاراســتنیان گەورەیی دەبەخشـێت و نە پاراسـتنیان شـورەیی لێدەکەوێتەوە. (ئەحمەد، 2013، ل15). ناوەڕۆکی ئەم دیاردەیە لەوانەیە لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا جیاواز بێت، بەو واتایەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، چونکە بەزۆری لەلایەن پیاوانەوە ئابوورییان بۆ دەستەبەر دەکرێت، بۆیە پیاو خۆی بە هەموو شتێکی ئەو ئافرەتە دەزانێت و ئافرەت وەکو کـاڵایەکی لێدێت بەدەســـت پیـاوەوە، ئەمەش لە ئەنجـامی ئەوەیە، کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتی زیـاتر کۆمەڵگـەیەکی خێڵەکییە، لە داب و نەریتی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەش دەرچوونی ئافرەت لەو داب و نەریتەی کە پیاو دایڕشـــتووە شـــوورەیی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ســـەرەنجام بە باجدانێکی قورســـی ئافرەت کۆتایی پێدێت. کەچی لە کۆمەڵگەی ڕۆژئـاوایی زیـاتر کۆمەڵگەیەکە تـاک، وەکو خود ســـەربەخۆییەکی نیمچە ڕەهای هەیە و نـاکەوێتە ژێر بـاری هیچ داب و نەریتێکی خێڵەکی، بۆیە ئەو جۆرە حاڵەتەی لێ بەدیناکرێت. شـەرەف شـکاندنیش لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لە چەندین شـێوەدا خۆی دەبینێتەوە، وەکو بەیەکەوە بوونی ئافرەت لەگەڵ پیاوێکی نامۆدا، پۆشـینی جلی تەسـک و

تەنک، جگەرەکێشـان لەبەرچاوی خەڵکی، پەیوەندی سـێکسـی بەسـتن لەگەڵ کەسـی نامۆ، ڕەدو کەوتن، چەندانی دیکە). (حەمەد، 2015، ل131). کوشــتنی ئافرەت بە پاســاوی شــۆردنەوە و پاککردنەوەی شــەرەف، وەکو جۆرێکیش لە ئەنجامدانی تاوان دیاردەیەک نییە تایبەت بێت بە کۆمەڵگە و نەریتێکی دیاریکراو، بەڵکو لە چەندین کۆمەڵگەی جیا جیادا ئەم تاوانە ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەکی گشتی کوشتن بە پاساوی بەدەستهێنانەوەی شەرەف. بریتییە لە کوشــتنی ئافرەت لە لایەن باوک، یان برا، یاخود ڕەگەزی نێر لەســەر گومان لە ئەنجامدانی کاری سێکسی، یاخود سێکسکردن لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری... تاد. ئەم تاوانە جیا لەوەی هاودژە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتی و پەیامە ئاســمانییەکان وەکاریگەری یەکجار نەرێنیش لەســەر کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت، هەروەها ئەو کولتوورە ڕەوایەتی بە تاوان دەدات. (قادر و ئیبراهیم، 2023، ل229). ئەوەی لەمجۆرە دیاردانە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەمیشــە پیاو ئەنجامدەری ئەمجۆرە تاوانانەن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەو باڵادەسـتییەی پیاو دەگەڕێتەوە وەک ڕەمز و هێمایەک لە هێماکانی دەســەڵاتی ناو کۆمەڵگە. (ڕەســوول،2012، ل232). پیاو لەســەر مەســەلە سێکسوالیتیە یاساغەکانی ئافرەت هەمیشە کوشتن وەکو سزا بەکاردەهێنێت. زۆرجار ئەم کارەی پیاو پشت ئەستوور بە ئایین دەکرێت بە تایبەت ئەو کاتەی ئایین لەلایەن نێرینەکانی کۆمەڵی بۆ بەرژەوەندی باڵای خۆیان ڕاڤەی بۆ دەکەن و ناگەڕێنەوە بۆ ئەو جۆرە ســزایەی کە ئایین بۆ ئەو کارەی داناوە، وەک چەکێکی چەند ســەرە بەڕووی مێینەکانی کۆمەڵدا لە بەرانبەریان بەکاریان دەهێنن. (حەمەد، 2015، ل131).

ســەبارەت بە پەیوەندی ئافرەت و ناموس لە دیدی کۆمەڵگەی کوردیش دەتوانین وای بۆ بچین کە لەشــی ژن، ئەرکێکی مەترسیداری لە ئەستودایە، لەشـی ژن شـوێنی ڕاگرتنی شـەرەفی پیاوە و ژن ئەرکی پاراستنی ئەو شــەرەفەی لە ئەســتودایە، ناموس هێزێکی ســەپێندراوی پیاوە بە ســەر ژندا، کە بۆ پاراســتنی لەشــی ئەو و دوورخستنەوەی لە بەزاندنی هێڵە سوورەکان بەکاردەهێنرێت. (وێڵشـمان و حوسـێن، 2011، ل16). کوشـتن لە پێناو کڕینەوەی شــــەرەفی خێزان و بنەماڵە و خێڵ وەکو دەردێکی کۆمەڵایەتیش لە هەردوو ڕۆمانەکەی "کاروان عومەر کاکە ســـوور"دا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە: لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان"دا، دایکی "ئامانج" وەکو یەکێک لە گێڕەوەی کەمشتزانی ناو ڕۆمانەکە لە ڕێگای فلاشباکەوە ڕووداوی کوشتنی "پەروین"ی پووری و کوڕێک دەگێڕێتەوە کە لەلایەن باوکی" ئامانج"ەوە کوژراون، چونکە بە شــەو بە یەکەوە بینیونی. **((... (مامە فەرەیدون) وێنەیەکی (پەروین)ی پووریشی لای خۆی پاراستبوو، کە باوکت لە نیوە شەوێکی پایزی شەست و حەوت لەبەر دەرگـا تـاقە کوڕەکەی (خەجـاوی کوببە فرۆش) بەســـەرەوە گرتبوو هەردووکیـانی لە خوێنـدا گەوزاندبوو)).** (کاروان کاکەسوور، 2020، ل68). ئەم دەقە، لە ڕاستیدا تابلۆیەکی گەورەی کێشەی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، کە تێیدا توندوتیژی لە دژی ئافرەتان بووەتە دیاردەیەکی بەردەوام و نیگەرانکەر. یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی ئەم دەقە لەوەدایە کە نیشـاندەری کۆنترۆڵی نێرسـالارییە بەسـەر ژیانی ئافرەتاندا. کوشـتنی ئافرەت و کوڕەکە دەرخەری ئەو دەســەڵاتە بێسـنوورەیە، کە پیاوان لە کۆمەڵگەی پیاوسـالاریدا بەســەر ژیانی ئەندامەکانی خێزاندا هەیانە. ئەم کردەوە نەک هەر کوشــتنێکی ئاســایی نییە، بەڵکو نموونەیەکی ڕاســتەوخۆیە لەو چەشــنە توندوتیژییەی کە لەناو کۆمەڵگەدا بە بیانووی پاراســتنی "شــەرەف"ی خێزان ڕێگای پێدراوە، بناغەی ئەو توندوتیژیانە ئەم باوەڕە نادروستەیە لەناو کۆمەڵگا و خێزان، کە پیاوان مافی کوشتنی ئافرەتیان هەیە، بە بیانوی

پاراســـتنی شـــەرەف و پاككردنەوەی ئابرووی خێزان، كە لەناو كۆمەڵگادا تاكو ئێســـتاش بەردەوامن. لە لایەكی دیكەوە، پاراســـتنی وێنەی "پوورە پەروین"، لە لایەن "مامە فەرەیدون"ەوە واتایەكی قووڵی هەیە لە چوارچێوەی بیرەوەری كۆمەڵایەتیدا. ئەم كردەوەیە ئەوە نیشـــاندەدات كە گرنگی بە یادكردنەوەی قوربانیەكان دەدرێت و ئەم كارەســـاتەیان بیرنەچۆتەوە. لە كاتێكدا كۆمەڵگە ڕەنگە هەوڵبدات ئەمجۆرە تاوانانە بشـــارێتەوە یان بە نهێنی بیهێڵێتەوە، پاراســتنی یادەوەری قوربانییەكان دەبێتە جۆرێک لە بەرەنگاربوونەوەی كۆمەڵایەتیی و هۆشــیاری بۆ نەوەكانی داهاتوو. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، كە هەندێک كەس لە كۆمەڵگەدا ئامادەن ڕاســتییەكان بپارێزن و دژی بێدەنگی و لەبیرچوونی ئەم كارەســاتانە ڕاوەســتن. كاریگەرییەكانی ئەمجۆرە توندوتیژییە لە كۆمەڵگەدا زۆر گەورە و فراوانە. لە لایەک، كوشــتنی ئافرەت ترس و تۆقان لە نێو ئافرەتانی دیكەدا دروســت دەكات، بە تایبەتی ئەوانەی دەیانەوێت داوای مافەكانیان بكەن یان بەرەنگاری ئەو ســتەمكارییە بوەســتنەوە. لە لایەكی دیكەشـــەوە، كوشـــتنی كورەكەش نیشـــاندەری ئەوەیە ئەمجۆرە توندوتیژییە، تەنیا ئافرەتان ناگرێتەوە، بەڵكو پیاوانیش دەبنە قوربانی ئەم كوولتوورە. ئەمەش كاریگەرییەكی درێژخایەنی لەســـەر پەرەپێدانی كۆمەڵایەتیی و دەروونی نەوەی داهاتوو دەبێت.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی "شـكسـتەكانی بنەماڵەی شـادماڵ"یشـدا، باس لە كوشـتنی هەندێ لە ئافرەتانی نێو ڕۆمانەكە دەكات، كە لەلایەن باوك و براكانیانەوە خوێنیان دەڕێژرێت، لەپێناو كرینەوەی شـــەرەفی خێزانەكەیان، كچ بەشـــوودانی بەزۆرە ملێش، یەكێكە لەو هۆكارانەی، كە بەهۆیەوە خوێنی ئافرەتی تێدا دەڕێژرێت، ئافرەت دەبێتە قوربانی دەسـتی باوك و براكانییەوە، كە ئەمان خولقێنەری ئەم بارودۆخەن ئازادی لەدەربڕینی چارەنووسـی ڕەگەزی مێ لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی داهاتووی ژیانی كچ زەوت دەكەن. كچ بەشـوودانی بەزۆرەملێ لەكۆمەڵگەی كوردیدا، لەكۆمەڵێ فۆرمی جیاجیادا خۆی دەنوێنێت وەك: "گەورە بە بچووك، كچ بەشـــوودان لەبری پارە، كچ بەشوودان لەبری خوێن". هەموو ئەمانە گەورەترین كێشە و كاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی خێزانی دروست دەكات، وەك دەبینین لە دایەلۆگی نێوان "بەهاران پایزان" و "پەڵكشـــان" دەردەكەوێت، كە "ڤەڵەنگی" دەســـتە خوشـكیان لەلایەن براكانیەوە دەكوژرێت، لەبەر ئەوەی رازی نەبووە شـوو بە ئاغایەكی پیر بكات، بۆیە سـەری خۆی هەڵدەگرێت و بەدوای كوڕێكەوە دەكەوێت.

**((بەهاران پایزان لێی دەپرسێت:**

**- كێ ڤەڵەنگی كوشتووە؟**

**- لەبارەی كوشتنەكەیەوە جارێ شتێكی وا نازانم. ئەوەی تا ئێستا پێم گەیشتووە، هەر ئەوەیە دوو پیاو بەتەور تێی كەوتوون و لە گۆمێكدا تەورە خوێناوییەكەیان شووشتووە.**

**- دوو پیاو، یان دوو ژن؟**

**(پەلكشان) برێك بیر دەكاتەوە، ئینجا وەڵام دەداتەوە:**

**- گوتراوە دوو كەس ڕەنگە برای بن، كە ڕاســتییەكەی ســێیانی لەدایكی خۆی و چواریشــی لە ژنە گەورەكەی باوكی هەن. بەئـاغـایەكی پیری یـەكێك لـە گوندەكـانی قـەراغ یـان داوە، بـەڵام ڕازی نـەبووە، بۆیـە ســـەری هەڵگرتووە. دیارە زانیویانە هاتووەتە پێتەخت و ...)).** (كاروان كاكەسوور، 2024، ل152).

ئەم دەقە تابلۆیەکی تەواوی ئەو کولتووره پیشاندەدات، کە دەبنە هۆی کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی نێرسالاریدا. کوشتنی "فەلەنگ" لە لایەن براکانییەوە، تەنیا ڕووداوێکی نەخوازراو نییە، بەڵکو لە ئەنجامی چەندین بڕیار و کردەوەی پێشوەختە، کە لە چوارچێوەی سیستەمی نێرسالاریدا پلانی بۆ داڕێژراوە. ئەم کوشتنەش بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی کۆنترۆڵ و سووکایەتی پێکردنە بەرامبەر ژیان و ئیرادەی ئافرەتان، کە لە "بەزۆر بەشوودان" دەستپێدەکات و بە قوربانیدانی ژیانی ئافرەتان کۆتایی پێدێت. یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکانی ئەم دەقە ئەوەیە، کە ئافرەت وەک کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت دەتوانرێت بفرۆشرێت، بکڕدرێت، و بگوازرێتەوە. هەروەها کاتێکیش باس لەوە دەکرێت، کە "باوک و براکانی" ئەو کچەیان داوەتە ئاغایەکی پیری یەکێک لە گوندەکانی قەراغ شاردا، ئەمە ڕاستەوخۆ نیشاندەری ئەو دۆخەیەیە، کە ئافرەت هیچ مافێکی لە بڕیاردان و چارەنووسی خۆی نییە. ئەم کارەش لە بەرانبەر بڕێک پارە ئەنجامدەدرێت، هەروەها ئەمانەش دەرخەری ئەوەن، کە ژیانی ئافرەت هیچ بەهایەکی مرۆیی بۆ دانەنراوە، بەڵکو تەنیا وەک سەرچاوەیەکی ئابووری تەماشا دەکرێت. ئەمجۆرە مامەڵەکردنە نەک هەر پێشێلکارییە لە کەرامەتی مرۆیی، بەڵکو بناغەی هەموو ئەو توندوتیژییانەیە، کە دواتر بەسەر ئەو ئافرەتەدا دێت.

لە دەقێکی دیکەشـــدا، گێرەوەی هەمووشـــتزان باس لە بەزۆرە ملێی بە شـــوودانی کچێك دەکات بەناوی "پارێزا"، کە باوك و مامەکانی دەیانەوێت بە زۆر بیدەن بەکار بەدەســـتێکی گەورەی شـــارەکەی خۆیان، چونکە خۆشـیان لە خێزانێکی گەورەی کار بەدەسـتی ئەم شـارەن، بەڵام " پارێزا " ناکەوێتە ژێرباری خێزانەکەی و ماڵەوە جێدەهێڵێت و ڕادەکـات. **(( کوڕانی شـــــاری (ڤ...ل) لـەهـەمـوو لایـەکـەوە هـاتوونـەتـە خوازبێنیی و دەســـتی بەڕوویانەوە ناوە. هەم باوکی و هەم مامەکانی، کە لەدەوڵەتدا پایەی بەرزیان هەیە، فشـاریان خسـتووەتەسـەر، تا دەسـت لەو کەلـــــلە ڕەقیەی هەڵبگرێت، بەڵام بەرگری کردووە، کاتێ زانیویەتی نیازیان وایە بەزۆر بیدەنە کاربەدەسـتێکی گەورە، جێی هێشـتوون و ئەوەتە سـواری شـەمەندەفەر بووە بەو هیوایەی بگاتە پایتەخت...)).** (کاروان کاکەسوور، 2024، ل322).

لێرەدا، چیرۆکی "پارێزا" نموونەیەکی ڕاشکاوە لەوەی کە سیستەمی نێرسالاری لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگەدا کاردەکات و تەنانەت دەوڵەمەندی و پێگەی کۆمەڵایەتیش ناتوانێت ئافرەتان لەم دۆخە کارەساتبارە بپارێزێت. وەك دەبینین خێزانی "پارێزا "، لە چینە بەرزەکانی "ئۆرستۆکراتی" کۆمەڵگان، بەڵام بە هەمان کولتووری نێرسالارانە مامەڵە لەگەڵ کچەکەیان دەکەن. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە، کە نێرسالاری وەک سیستەمێکی کولتووری هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی دەگرێتەوە و لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا ئافرەتان لەژێر کۆنترۆڵ و توندوتیژی نێرینەکاندا دەبن . هەروەها یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەم دەقە پەیوەندی بە ئابووریی و کاریگەری سەروەت لەسەر چارەنووسی ئافرەتان هەیە. کاتێک باس لەوە دەکرێت کە خێزانەکەی بە تایبەتیش باوك و مامەکانی "پارێزا" دەیانەوێت کچەکەیان بدەن بە کەسێکی چینی باڵا بۆ زیادکردن و پارێزگاریکردن لە سەروەت و سامانەکەیان، ئەم دۆخەش نیشاندەری ئەوەیە، کە ئافرەت لە لای چینە دەوڵەمەندەکانیشدا وەک ئامرازێکی ئابووریی تەماشا دەکرێت. ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە، وەک یەکگرتنی دوو کەس لەسەر بنەمای خۆشەویستی و هاوبەش بوون نییە، بەڵکو وەک مەعامەلەیەکی بازرگانی تەماشا دەکرێت، کە تێیدا ئافرەت کاڵایەکە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی

ئابووریی زیاتر . ئەمجۆرە مامەڵەکردنە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو چینانەش کە گوماندەکرا خوێندەوارتر و رۆشنبیرتر و مەدەنیتر بن، بەڵام لای ئەوانیش ئافرەتان هەر وەک شتومەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. "پارێزا" وەک کچێکی شۆخ و جوان " دەیویست شوو بە کوڕێک بکات کە خۆشی دەوێت، ئەمەش ئەو خواستە سروشتی و مرۆییەیە، کە هەموو کەسێک مافی هەبوونی هەیە. بەڵام ئەم مافە بنەڕەتییە لە لایەن خێزان و کۆمەڵگەوە پێشێل دەکرێت، وەک "سەرهەڵگرتن" و "یاخیبوون" تەماشا دەکرێت سەرهەڵگرتن و جێهێشتنی شارەکەش نیشاندەری ئەوەن ،کە "پارێزا" دەیزانی مانەوەی لەوێدا واتای ئەوەیە کە دەبێتت ڕازی بێت بەو ژیانەی، کە کەسانی دیکە بۆی هەڵدەبژێرێت، نەک ئەو ژیانەی کە خۆی ئارەزووی دەکات. دواتر لە لایەن "باوک و مامەکانییەوە" دەکوژرێت. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە لە ژێر سیستەمی نێرسالاریدا، هیچ شوێنێکی ئاسوودە بۆ ئافرەتان نییە، هەرچەندە هەوڵبدەن خۆیان لەم سیستەمە ڕزگاربکەن. دەتوانیین بڵێین، چیرۆکی "پارێزا" وێنەیەکی پڕ ئازاری ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە پیشاندەدات، کە ئافرەتان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە. دەوڵەمەندی، پێگەی کۆمەڵایەتیی، یان هەر شتێکی دیکە ناتوانێت ئافرەتان لە کۆنترۆڵ و توندوتیژی سیستەمی نێرسالاری بپارێزێت.

لەم دەقەشدا، "ئادەم نەشئە" بۆ "میدیای"ی دەستە خوشکی خۆشەویستیەکەی دەگێڕێتەوە، کە دەبێت بچێت یارمەتی بووکێك بدات، کە لە ڕۆژی زەماوەندی هەڵاتووە و هاتووەتە ماڵی "چرا میری" بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن و بیگەیەننە شـــاری (پ....ڤ)، چونکە ئەو کوڕەی خۆشـــی دەوێت لەوێ چاوەڕێی دەکات بۆ ئەوەی بەیەکبگەن، شـــارەکەش شـــوێنی باب و باپیرانی کوڕەکەیە و "باوك و خەزوری"ی لەوێ ناتوانن پێیانبگەن و بیانکوژن.

**(( (ئادەم نەشئە) دوای ماوەیەك گەڕایەوە. بەملا و بەولای کۆڵانیدا ڕوانی و بەدەنگی نزم پێی ڕاگەیاند، کە ئەو بووکەی دوێنێ گوێزرایەوە، ڕای کردووە و بەدزییەوە هاتووەتە لای (چرا میری) دەبێت هەر خۆیان بە ئەســپ و عارەبانە بیگەیەننە گەڕەکی (کورد گاشە)، گوایە خۆی و دۆستەکەی وا ڕێك کەوتوون سەرهەڵبگرن و بچنە شاری (پ.... ڤ) گەڕەکی کوڕەکە بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە و هێشتا هەندێ خزمی لەوێن... زاوا و خانەوادەکەی هاواریان لێ هەڵستاوە بەدوایدا گەڕاون و لەدانیشتوانی گەڕەکیان پرسیوە، ئاخۆ نەیاندیوە؟ ئەرێ نەیانزانیوە چ ڕێیەکی گرتووە؟ خەزووری کە مامیشـــیەتی، ســـوێندی خواردووە بە خەنجەر لەناو لینگییەوە هەڵیبزرێنێت و هەردوو لەتەکەی بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت، تا دەیانگەیەنێتە ئەو دەشتە دەرخواردی سەگەکانی یاسایان دەدات، بەڵام باوکی گوتوویەتی جگە لەخۆی، کەســـی دیکە ئەو مافەی نییە، چونکێ بە پلەی یەکەم ســـەری ئەوی شۆڕکردووە)).** (کاروان کاکەسوور، 2024، ل305).

ئەم دەقەش تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە دیاردە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە، ئەویش کوشتنی ئافرەتە لە پێناو پاککردنەوەی شەڕەف و ناموس. هەڵاتنی بووك لە ڕۆژی زەماوەندیدا و چوونی بۆ لای ئەو کەسەی خۆشی دەوێت، بۆ بوونی کۆمەڵگەی نێرسالاری دەگەڕێتەوە، کە تێیدا گوێ بە داخوازییەکانی ئافرەت نادرێت و بە دەرچوون لەو داب و نەریتە هەژماردەکرێت، وەک تاوانێکی گەورە و ئابڕووبردنی بنەماڵە تەماشا دەکرێت. ئەم بیرکردنەوە کولتوورییە دەبێتتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی بنەماڵە، بە تایبەتی پیاوان، وەک باوک و مام، بە ناوی پاراستنی

ئابڕووی خێزانەکەیان دەست بە تاوانەکانی توندوتیژی و کوشتن بکەن. هەموو ئەمانەش بۆ چەمکی "ئابڕوو" دەگەڕێتەوە، کە وەک چەکێکی کۆمەڵایەتیی بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕاستیدا ئازادی و مافەکانی ئافرەت سنوردار دەکات. هەروەها منداڵان لە منداڵییەوە فێری ئەوە دەکرێن، کە ئافرەت دەبێت ملکەچ و جێی ڕەزامەندی کۆمەڵگە بێت، لە کاتێکدا پیاو وەک پاسەوان و کۆنترۆڵکەری ئابڕووی بنەماڵە دادەنرێت. ئەم جیاوازییە لە منداڵییەوە دروست دەکرێت و بەردەوام جەختی لەسەر دەکرێتەوە لە ڕێگای نەریت، ئایین، و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەمەش وا دەکات، کە ئافرەت وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی تەماشا بکرێت، کە بەها و گرنگییەکەی بەپێی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دیاری بکرێت. ئەنجامی ئەم بیرکردنەوە کولتوورییە نەرێنییە بەرەو خوێنڕشتن و کوشتن دەچێت، چونکە توخمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەکە ژیان و مردنی ئەندامانی کۆنترۆڵ دەکات.

### 2-5-2: هەژاری:

هەژاری دەردێکی کوشـــندەیە، لەوەتەی مرۆڤ لەســـەر ڕووی زەمین ژیاوە هەندێ کەس لە ژیانێکی خۆش ژیاون و پۆشـــتەبوون و هەندێ کەســـیش برســـی و ڕووت و ڕەجال لە هەر وڵاتێکیش بەپێی بارودۆخی سیاسیی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت. (صلیوە، 2013، ل122). هەژاری وەکو گرفتێکی ئابووری بریتییە: لە نەبوونی بڕی دەستمایەی پێویست بۆ ڕایی کردنی ژیان و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، یەکێك لەو هۆکارانە ســـیســـتەمە ئابوورییەکەیە، بەتایبەتی ســـیســـتەمی ســـەرمایەداری، ڕاســـتەوخۆ کۆمەڵگە بۆ هەردوو چینی "ســـەرمایەدار و هەژار" دابەش دەکات. ئەم گرفتە ئابوورییە لە کۆمەڵگەدا گرفتی کۆمەڵایەتی لەدوای خۆیدا جێدەهێڵێت، چونکە کاتێک تاک برسی دەبێت، بۆ خۆ ژیاندن پەنا بۆ ڕێگای جیاواز دەبات، ئەگەر لەسەر حیسابی کەسی تریشەوە بێت، بەمەش دیاردەکانی " دزیکردن، فروفێڵ کردن، کوشتن، زیان گەیاندن" لە کۆمەڵگە زۆر دەبن. لە کۆنەوە گوتراوە برسییەتی ڕەگێکی لەهارییە. (حەمەد، 2015، ل133). لە دیارترین دەرئەنجامەکانی هەژاریش "برســـییەتی، نەگونجان، نامۆبوونی کۆمەڵایەتی" لێدەکەوێتەوە، چونکە هەژاریی وا دەکات تاک شیرازەی تێکبچێت و لەناو خەڵکەکەشیدا هەست بە نامۆیی بکات. ســـەرەنجام ئینتیماشـــی بۆ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی لاواز دەبێت. (قادر، 2008، ل34-35). هەروەک "ئیمامی عەلی" پێیوایە بنچینەی کۆمەڵایەتی بۆ نامۆیی هەژاری و نەدارییە، وەک دەڵێت: ((الغني في الغربة وطن، الفقر في الوطن غربة)). (امام علي (عليه السلام) 1415 هـــ، ص155) . بە واتای ئەوەی ئەگەر تاک هەیبوو و خوا پێداو بێت، لە دەرەوەی وڵاتیش بژیت، ئەوا وەکو ئەوە وایە، کە لە وڵاتەکەی خۆیدا بێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر تاک لەنێو کۆمەڵگەکەی خۆیشیدا بژیت، بەڵام نەبوون بوو، ئەوا هەست بە نامۆیی دەکات لەو کۆمەڵگەیەدا.

لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا هەژاری بەشـــدارییەکی کارای لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەیە، بەهۆیەوە تانوپۆی گەشەسەندنی بەشێکی ڕووداوەکان دەکات، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی هەژارییەوە ڕەهەند و لایەنی کارەکتەرەکانیش ڕوون کراوەتەوە و کاریگەری و کارتێکردنەکانی ئەو هەژارییە لەسەر ڕەفتار و جووڵە و هەڵسـوکەوتەکانیان خراوەتەڕوو. لە دیمەنێکدا گێڕەوەی هەمووشـتزان لە دوو فەترەی زەمەنی باسـی خێزان و

منداڵی "مام فەرەیدون" دەکات. فەترەیەکی زەمەنی پێش ئەوەی بچن بۆ شاخ . فەترەیەکی دیکەی زەمەنی دوای گەڕانەوەیان بۆ شار، جگە لەمام "فەرەیدون". ((**ئەوسا دەتتوانی هەست بە (دادە دڵارام) و (هەتاو) بکەیت، کە چۆن ڕەنگ و ڕوویان گۆڕابوو... لە لایەک لە شـــەرمان، کەوا دەهاتنە بەرچاو خۆیان بە بەرپرســـیاری ئەم نەهامەتییە دەزانی و لەلایەکی دیکە لەخەمی ئەوەی، کە نەیاندەزانی لەمەودوا ڕوو لەکوێ بکەن، پێش ئەوەی بچنە شـــاخ (دادە دڵارام) لە بانک فەرمانبەرێکی بچووک بووە و مانگانەیەکی کەمی وەرگرتووە، بەڵام دوای گەڕانەوەی، وەزیفەکەیان لێ ســەندبووەوە... هەتا ئەگەر لێشـیان نەسـەندایەتەوە، ئەوا دوای توشـبوونی بەم نەخۆشــییەوە کە زوو زوو دەبوورایەوە، هەر لە دەســتی دەچوو... زۆرجار بەم حاڵەیشــیەوە دەیویســت لە کارگەیەک دابمەزرێت،...)**. (کاروان کاکەسوور،2020، ل25).

ئەم دەقە، بە شێوەیەکی قووڵ کاریگەری ئەو هەژارییە دەخاتەڕوو، کە لەسەر دەروون و جەستەی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت. کاتێک ڕۆماننووس باسی گۆڕانی "ڕەنگ و ڕوو"ی "دادە دڵارام" و "هەتاو" دەکات، ئەمە نیشاندەری ئەو جۆرە کاریگەرییە فیزیکی و دەروونییەیە، کە فشارە ئابوورییەکان لەسەر کەسایەتی مرۆڤ دروستی دەکەن. هەژاری لێرەدا تەنیا نەبوونی پارە و سامان نییە، بەڵکو دەردێکی کۆمەڵایەتیی و دەروونییە کە تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. ئەوان لە لایەک، هەست بە شەرمەزاری و بەرپرسیاری دەکەن و خۆیان بە هۆکاری نەهامەتییەکان دەزانن ، لە لایەکی دیکەشەوە، نیگەرانبوونیان لە دیارنەبوونی دوارۆژ و ئایندەیان، کە ترس و نیگەرانییەکانیان زیاتر دەکات. ئەم بارودۆخەش وای لە مرۆڤ دەکات هەست بە بێدەسەڵاتی و بێهێزی بکات. کاتێک کەسێک لە کارێکی فەرمی دەچێتە کاری کارگەیی، ئەمە نەک تەنیا دابەزینێکی ئابوورییە، بەڵکو دابەزینێکی کۆمەڵایەتیی و دەروونییشە. بەمشێوەیە ئەم دەقە ئەو ڕاستییە تاڵە دەخاتەڕوو ، کە هەژاری تەنیا کێشەیەکی ئابووریی نییە، بەڵکو دەردێکی کۆمەڵایەتییە، کە تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی و پێگەی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت.

ڕۆماننووس لە دەقێکی دیکەدا لە ڕێگای دیالۆگی نێوان " ئامانج" و "شـۆڕش" خراپی باری ئابووریی خێزانی "مام ئەنوەر"ە دەخاتەڕوو، بەهۆی ئەو ڕووداوە تراژیدیایەی کە تووشی "مام ئەنوەر" دەبێت. (**- باشـە مام ئەنوەر کێ ژن و منداڵەکەی بەخێو دەکات...؟ - فەریدەی ژنی لە کارگەی مافوور دامەزراوە و مانگانەیەکی کەم وەردەگرێت... هیچ نەبێ مەمرە و مەژی دەبیەنە سەر.**

**- ڕازی نـابن... من خۆم لە گەڕەک هەنـدێـک پـارەم بۆ کۆکردەوە، بەڵام وەریـان نەگرت و بۆ خـاوەنەکـانیـانم گەڕاندەوە،...)** . (کاروان کاکەسوور،2020، ل57).

ئە م دەقە پەیوەندی بەو ڕووداوە تراژیدیایە هەیە، کە ژیانی خێزانی "مام ئەنوەر"ی بە تەواوی گۆڕیوە لە دۆخی ئاسایی بەرەو دۆخی خوار هێڵی هەژاریی و نەهامەتیی. ئەم ڕووداوە نەخوازراوەی کە "مام ئەنوەر"ی شوفێر تووشی دەبێت بە تراکتۆرکە، کە خۆی بە دیوارێک دەکێشێت مردنی پیرەژنێک و منداڵێکی لێدەکەوێتەوە، ڕووداوە نەخوازراوەکە نەک تەنیا تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی دروست دەکات، بەڵکو دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە

تەنگانەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی خێزانەکەیە. هەروەها گرتنی "مام ئەنوەر" وەک سەرەتایەك لە قۆناغی دووەمی ئەم ڕووداوە تراژیدیایە دەردەکەوێت. بە دروستبوونی ئەم بارودۆخە خێزانەکە دەخاتە ژێر فشارێکی ناچاری: لە لایەک دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو دەردەسەریە کۆمەڵایەتییە بکات، کە لە ئەنجامی ڕووداوەکە درووست بووە، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت بەرەنگاری ئەو قەیرانە ئابوورییە ببنەوە، کە لە ئەنجامی لەدەستچوونی سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان دروست بووە. هەرچەندە "فەریدە"ی خێزانی "مام ئەنوەر" لە کارگەی مافوردا کاردەکات، بەڵام مووچەیەکی کەم وەردەگرێت و بەشی پێداویستییەکانی ژیانیان ناکات. ئەم دۆخەش وایکردووە ئەم خێزانە بە ژیانێکی سەختی "مەژی و مەمری و کۆڵە سەری" ببەنە سەر. یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی دیکەی ئەم دەقە ئەو ڕەفتارە شەرمەفمەندانەیە کە خێزانەکە لە بەرانبەر کۆمەکی دراوسێکاندا پیشانیانداوە. کە دراوسێکانیان لە هەوڵی کۆمەککردن و کۆکردنەوەی پارەبوون بۆیان، بەڵام خێزانەکەی مام ئەنوەر ئەم کۆمەکییە ڕەت دەکەنەوە. بۆ ئەمەش دەتوانرێت لە چەند ڕوانگەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت: لە لایەک نیشاندەری ئەو شەرەف و سەربەرزییە کە خێزانەکە هەیەتی و دەیانەوێت پشت بە خۆیان ببەستن نەوەك بەچاوی بەزەییەوە سەیریان بکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە، نیشاندەری ئەو شەرمەزارییە کە هەندێکجار کەسی هەژار بەهۆی هەژارییەوە تووشی دەبێت، بەهۆیەوە لە کۆمەڵگە دوور دەکەوێتەوە. بەمشێوەیە ئەم دەقە ئەوە پیشاندەدات، کە هەژاری تەنیا کێشەیەکی ئابووریی نییە، بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی و دەروونییشە، کاریگەری لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت.

ڕۆماننووس لەسەر زاری گێڕەوەی کەمشتزان "ئامانج" باس لە خراپی باری دارایی خێزانی " شێخ موعتەسەم" دەکات، کە "بووستان"ی خێزانی لە ماڵی یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر کار دەکات، دوای ئەوەی خێزانەکەی لەناکاو گیان لە دەست دەدات، بەهۆیەوە تووشی غەمۆکییەکی قووڵ دەبێت و واز لە کارەکەی دەهێنێت، بەوەش سەرچاوەی دارایی ژیانی نامێنێت و تووشی هەژاری دەبێت. بۆیە خانووەکەی دەفرۆشێت و دەچێتە خانووی کرێوە منداڵەکانی لە خوێندن دەردەهێنێت. **((..دوای مردنی (بۆستان)، کە نەیتوانی یەک مووچەش وەربگرێت، باری ئەو خێزانە لە هەموو ڕوویەکەوە داڕووخا.. هەتا گەیشتە ئەوەی خانووەکەیان بە ئێمە بفرۆشن و یەکێکی خراپتر بە کرێ بگرن...))** . (کاروان کاکەسوور ،2020، ل192). لیرەدا دەبینیین " شێخ موعتەسەم" دوای مردنی خێزانەکەی ژیانێکی هەژارانەی پڕ لە نەهامەتی بەسەر دەبات، چونکە دوای مردنی خێزانەکەی ناتوانێت کاربکات، هەروەها منداڵەکانیشی لە خوێندن دەردەهێنێت. کەواتە لە گێرانەوەی چیرۆکی ژیانی" شێخ موعتەسەم"دا، هەژاری ڕۆڵێکی سەرەکی لە گرێیی ڕووداوەکان دەگێڕیت و کاریگەری لەسەر ئایندەی خێزانەکەی دروست دەبێت، بەتایبەتیش دوایی دەرهێنانی منداڵەکانی لە خویندن و فرۆشتنی خانووەکەی لەبەر هەژاری، چونکە هەژارییەکە بۆتە بەربەستێکی گەورە لە بەرامبەر ئەندامانی خێزانەکەی، کە بەهۆیەوە بێبەشبن لەخوێندن بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو هەموو خانەوادەکانی تری ناو کۆمەڵگا ناتوانن بخوێنن، چونکە هەر ئەو هەژارییە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیانی " شێخ موعتەسەم" دروستکرد، بەهۆی ئەو هەژاریەوەش بوو لەداخان کۆچی دوایی دەکات. کەواتە باری ئابووریی ڕۆڵی سەرەکی لەناو ڕووداوەکاندا دەگێڕێت و کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ژیانی کارەکتەرەکان دەبێت. ئەو بارە ئابوورییە هێڵی سەرەکی جوڵانەوەی ڕووداو ئاراستەو

پێشهاتەکانی لە ئەستۆگرتووە، بەمەش ڕۆمانەکە قەوارەیەکی ڕاستەقینەی هەژاری وەکو دەردێکی ناو کۆمەڵگا بەدیار دەخات.

لە ڕۆمانی "شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ"یشدا، هەژاری وەکو دەرهاوێشتەیەکی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە ڕۆماننووس لە دەقەکەیدا خستوویەتییەڕوو ڕەنگدەداتەوە. وەکو دەردێکی کۆمەڵایەتیش، دەبێتە پێگە و بنچینەیەك بۆ ڕووداوەکان و جموجۆڵی کارەکتەرەکانیش ڕێکدەخات. وەك دەبینیین یەکێك لەکارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە بەناوی "هەستکۆی تەمبوور ژەن" دوای بەربوونی لە بەندیخانە، بۆ پەیداکردنی نانی ڕۆژانە ناچارە کەل و پەلی ماڵەکەی بفرۆشێت، لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت ئەو تەمبوورە بە نرخە بفرۆشێت، کە لەباوانیەوە وەکو ڕەمزێکی شۆڕشگێڕیی بۆی ماوەتەوە. **(( (هەستکۆ تەمبوور ژەن) دوای بەربوونی لە زیندان بە جۆشێکی زیاترەوە بەشدارە، بەڵام نەخۆشیی (پێڤاژ پایزان)ی هاوژینی لەم کاتەدا مایەی نیگەرانییە. شتێك لەناوەوە پێی دەڵێت ناگاتە ساڵێکی دیکە و گۆڕێکی ئەو گۆڕستانەی نزیکییان جەستەی تێکشکاوی لەخۆی دەگرێت... خۆشبەختانە خاوەنی خانووەکەی ماوەیەکە کرێی لێ ناستێنێت... بەڵام بە مەبەستی پەیداکردنی نانی ڕۆژانە، ناچارە کەلوپەلی ماڵەکەی بفرۆشێت، نایەوێت تەمبوورەکەی بەهیچ شتێك بگۆڕێتەوە، چونکە هیوا دەخوازێت کچەکەی فێری ژەنینی بکات...)).** (کاروان کاکەسوور، 2024، ل95،96).

لێرەشدا دەبینین، هەژاری تەنیا کێشەیەکی مادی نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دەروونی مرۆڤدا هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو ترسەی کە "هەستکۆ تەمبوور ژەن" بۆ خێزانەکەی دەبێت، کە پێیوایە ناگاتە ساڵێکی دیکە خێزانەکەی دەمرێت، چونکە کاتێک مرۆڤ بەهۆی نەبوونی پارەوە نەتوانێت چارەسەری نەخۆشی خۆشەویستەکانی بکات، ئەمە دەبێتە هۆی هەستکردن بەبێ دەسەڵاتی و نائومێد بوون . هەروەها ئەو ناچارە کەلوپەلی ماڵەکەی بفرۆشێت بۆ دابینکردنی خواردنی ئەمڕۆ، بەبێ ئەوە بیر لە ڕۆژانی داهاتوو بکاتەوە، بۆیە هەژاری لەم دەقەدا، وەک تاقیکردنەوەیەکی سەخت پیشاندراوە بەرامبەر بە خۆراگری مرۆڤەکان. هەروەها نەفرۆشتنی تەمبوورەکەش ئەوە نیشاندەدات، مرۆڤ دەتوانێت لە خراپترین بارودۆخی هەژاریدا، بەرگری لەو شتانە بکات، کە خۆشیدەوێن و نایەوێت لە دەستیان بدات. بۆیە هەژاری لێرەدا، نەک هەر وەک کارەساتێک، بەڵکوو وەک تاقیکردنەوەیەکی قورس بەرامبەر بە خۆراگری مرۆڤەکان پیشاندەدات.

ڕۆماننووس لەدەقێکی دیکەدا، ئاماژە بە حاڵەتی هەژاری و نەبوونی "بەهاران پایزان" دەکات، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات باری ئابوورییان بەرەو خوار هێڵی هەژاریی دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئافرەتێکی بوێر سڵ لەژیان ناکاتەوە و بەردەوام بیر لە پەیداکردنی کار و مانەوەی خۆی لە ژیاندا دەکاتەوە، کە بەهۆیەوە بتوانێت خۆشگوزەرانی بۆ تاقە کچەکەی دابین بکات و بینێرێتە بەر خوێندن.

**((ڕۆژ بەڕۆژ نەداری پتر جووڵەی لێ دەبڕێت، بەڵام هەوڵ دەدات بەرگەی بگرێت و نەڕووخێت. بەدوای کارێکی وادا دەگەڕێت، پارەی لێ دەست بکەوێت، بێ ئەوەی لەکچەکەی داببڕێت بیر لەتەندروستی خۆی دەکاتەوە. بەوە پاساوی دەداتەوە، گوایە بەر لەو بمرێت، یان دوای ئەو جیاواز نییە و شتێك لەوە ناگۆڕێت... ئەوە نزیکەی سێ ساڵە بەم حاڵە ڕایدەکێشێت،... ئەگەرچی خوێندن بۆ مێینە بەمەحاڵ دادەنرێت و هەر ڕۆڵەی دەسەڵاتداران دەتوانن بچنە فێرگە، بەڵام خۆی ئەرکەکە دەگرێتە ئەستۆ... زیاتر ئاخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت، کە**

**لە چ دۆخێکدا ژیان بەسەر دەبات و کچەکەی چۆن بەدەست نەدارییەوە دەناڵێنێت)).** (کاروان کاکەسوور، 2024، ل96). "بەهاران پایزان" دوای ئەوەی هاوسەری یەکەمی کۆچی دوایی دەکات حاڵ و گوزەرانیان بەرەو خراپتر دەچێت. بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانیان شوو بە پیاوێکی دیکە دەکات بەناوی "کاردۆ"، کە کرێکاری دەکات لە یەکێك لەکارگەکانی شاری "کوردگاشە"، ئەویش دوایی ماوەیەك نەخۆش دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، دووبارە ئاستی بژێویان دەگاتە خوار هێڵێکی هەژاری و کرێی ئەو کوخەشیان پێنادرێت کە بەکرێیان گرتووە، بۆیە دەچنە کەلاوەیەك، کە سەربازگەیەکی چۆڵکراو بوو لەوێ نیشتەجێدەبن. **(( (زەردەشت)ی کوڕی دەهێنێتەوە ماڵ و هێندەی دی ئەرکی قورس دەبێت، کە پێویستە لەلایەك نانی ڕۆژانە بەدەست بهێنێت، لەلایەك خزمەتی مێردی بکات و لەلایەکی دیکەش منداڵێك پێ بگەیەنێت، دۆخەکە لەدوای مەرگی (کاردۆ)ی هاوژینی دەگاتە ئاستێك، بەرگەی نەگیرێت، کرێی کووخەکەی بۆ نادرێت و کەلاوەیەك دەدۆزێتەوە، کە ڕاستییەکەی پێشتر سەربازگە بووە و چۆڵ کراوە، بگرە تێك دراوە. هەندێ جار (زەردەشت) لای ناو کەلاوەکانی جێ دەهێڵێت و دەچێتەکار)).** (کاروان کاکەسوور، 2024، ل116).

لێرەدا دەبینین "بەهاران پایزان" دوای ئەوەی هاوسەری دووەمی کۆچی دوایی دەکات، بۆ بەگژداچوونەوەی هەژاریی و گۆڕینی بارودۆخی ژیانی دەچێتە کار لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیان و ڕووبەڕوو بوونەوەی بەرامبەر دەردی برسێتی و نەبوونیی، بە هۆیەوە ڕۆمانەکە زیاتر لە واقیع نزیکدەبێتەوە و وردەکارییەکانی ئەو واقیعەی ژ یان دەخاتەڕوو، کەواتە: ڕۆمانی واقیعی ڕاستەقینەی تەواوی کردارەکانی مرۆڤایەتییە، لەم بارەیەوە زمانێك بەکاردەهێنێت کە خاوەن دەلالەتێکی ڕاست بێت، ئەمەش لە جۆرە ئەدەبییەکانی دیکەدا کەم دەبینرێت. (واط، ایان، 1980، ل37). ئەو واقیعەی کە لە ژیانی کارەکتەرێکی وەکو "بەهاران پایزان" و خێزانەکەی تۆمارکراوە، لەلایەکەوە ژیانی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی تاکی ناو کۆمەڵگا پیشان دەدات، کە بەهۆی هەژارییەوە لەوپەڕی خراپیدان و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پیشاندانی لایەن و ڕەهەندەکانی ئەو هەژارییەوە، باری ئابووریی تاکی کۆمەڵگا پیشان دەدات، کە ژیانێکی کۆڵە مەرگییان بەڕێکردووە، ئەو ژیانەی کە لەخوار هێڵی هەژارییەوە داهاتی تاکەکەس تێدا لەنەبوون نزیك بۆتەوە. ڕۆماننووس بەباسکردنی ئەو واقیعەی باری ئابووریی و تۆمارکردنی تابلۆی هەژاریی، ڕۆمان دەکاتە ئەو سەکۆیەی کە دەنگی تاکەکانی تێدا بەدیار دەکەوێت و باری کۆمەڵگاش پیشاندەدات، کە لەچ ناهەمواریەکەوە ژیان دەگوزەرێنن.

### 2-5-3: ناپاکیی هاوسەرگیری:

ناپاکیی هاوسەرگیری، وەکو چەمکێکی شوومی کۆمەڵایەتی ڕێك پێچەوانەی سازانی هاوسەرگیرییە، ئەگەر سازانی هاوسەرگیری بریتی بێت لە توانای دوو هاوسەر لە گونجان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ پێداویستییەکانی هاوسەرگیری، هەروەها ئەو ئامرازانەی بەکاری دەهێنن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی هاوسەرگیری و بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکان و گوزارشتکردن لە هەڵچوون و سۆزەکان و تێرکردنی پێویستییەکانی یەکتر. (علی، 2015، ل80)، ئەوا ناپاکیی هاوسەرگیری بریتییە:: لە خیانەتکردنی دوو هاوسەر لە یەکتر، یان یەکێکیان لەوەی دیکە، لە ئەنجامی کەم توانستی نێوانیان لە تێرکردنی حەزە ڕۆحی و سێکسییەکانی نێوانیان، یانیش بەکاریگەری پەروەردەی نا تەندروستەوە، بەمەش بناغەی خێزان ڕووەو داڕمان دەچێت. (قادر، 2023، ل196)، هەروەها

کاریگەرییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەگەری بەشداریکردنی پیاو لە ناپاکیدا، لە هەندێك کۆمەڵگادا ناپاکی بۆ پیاوان ئاسایی دەکرێتەوە یان تەنانەت هاندەدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی تێروانینێك کە ئەو جۆرە ڕەفتارانە قبوڵکراوبن یان کەمتر زیانیان هەبێت. ئەمەش وا دەکات پیاوان ئاسانتر کارەکانیان عەقڵانی بکەن. جگە لەوەش، پیاوانی خاوەن پۆستی دەسەڵات یان پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز، ڕەنگە هەست بە ماف یان بەرگری لە لێکەوتەکان بکەن، ئەمەش مەترسی ناپاکیی زیاد دەکات. خستنەڕووی ئەم بابەتانە لەناو دەقی ئەدەبیدا، سەلمێنەری بە کۆمەڵایەتیبوونی ئەدەب و نوسەرەکەیەتی، ئەو ئەدەبەی کە پەیامێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرێت و دەیەوێت پەنجە لەسەر هەموو ئەو بابەتانە دابنێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنی بەسەر کۆمەڵگاوە بە جێدەهێڵن.

ڕۆماننووس"کاروان عومەر کاکەســـوور" لە هەردوو ڕۆمانەکەیدا ئاوڕی لەم بابەتە داوەتەوە، چونکە یەکێکە لە کێشـــەکۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتیش کۆمەڵگای کوردی بەدەرنییە لەم کێشـــەیە، وەك ئەوانەی، کە دەیان بیســـتیین هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێســـتاش بەردەوامە. لە ڕۆمانی"کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا دەبینین گێڕەوەی هەمووشـــتزان باس لە "ملازم مەجیدی هەمزەی قەڵاتی" باوکی "ئامانج "دەکات، کە لە بەغدا لە شـــوێنی ئەرکیدا حکومییدا بەدوای کچێکی لوبنانی دەکەوێت و هەموو ماڵ و سامانەکەی بۆ خەرجدەکات.

**((... بۆ پاییزەکەی ترســـی باوکتان هەندێك لەســـەرکەم بووەوە، ... درەنـگ درەنـگ دەهاتەوە زۆر کەمیش دەمایەوە ... دوایی دەرکەوت کچێکی لوبنانی ناسیوە و لەبەغدا خانووێکی بۆ گرتووە ... زۆربەی مۆڵەتی خۆیی لەگەڵ ئەودا بەســـەر دەبرد ... ئەو یەك دوو جارەیش، کەهاتەوە، شـــەڕی گەورەی لە ماڵ بەرپابوو... هەرچی زێری دایە هەبوو، هەمووی بردوو فرۆشـــتی، هەر بۆ ئەوەی بۆ کچە لوبنانییەکان خەرج بکات... دواتر بۆتان دەرکەوت خانووەکەیشـــی بە ئەفســـەرێکی ئەمن فرۆشـــتووە ... نیوەڕۆیەکی هاوینی حەفتا و شـــەش خەزووری ناردبوو تا پێتان ڕابگەیەنێت، کە بەخێرایی خانووەکە چۆڵ بکەن...)).** (کاروان کاکەسوور، 2020، ل25).

لەم دەقەدا، ناپاکیی هاوسەرگیری وەک بنەڕەتی هەموو کێشەکانی خێزان دەخرێتەڕوو. کە ئەمەش جۆرێکە لە نەبوونی بەرپرسیارەتییە لە بەرانبەر پەیمانی هاوسەرایەتیدا، چونکە تەنیا تێکشکاندنی پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان نییە، بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵ و فراوانی لەسەر هەموو پرۆسەکانی ژیانی خێزانداریدا دەبێت. وەك دەبینیین: باوکی "ئامانج" لە بەغدا بەدوای کچێکی لوبنانی دەکەوێت، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە، کە بەرپرسیارێتی و پێداویستییەکان خێزانی لە بیر دەکات. لە جیاتی ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی بکات بەرانبەر هاوسەر و منداڵەکانی، هەموو هەوڵ و هێزی بۆ دابینکردنی ئارەزووە کەسییەکانی خۆی تەرخاندەکات.. فرۆشتنی ماڵ و سامان و خانووەکەی و خەرجکردن بۆ کچان ئەم کارە نەک هەر خێزانەکەی بەرەو هەژاری و بێ ماڵی دەبات، بەڵکو دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان خۆی و خێزانەکەی، چونکە کاتێک سەرۆکی خێزان بە بەرپرسیارێتی خۆی هەڵناستێت، بەهۆیەوە هەموو پێکهاتەی خێزانەکەی تێکدەچێت.

هەروەها لە ڕۆمانی "شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ"دا، ناپاکیی هاوسەرگیری بەشێك لەڕەوتی ڕووداوەکان پێکدەهێنێت و کاریگەری لەسەر کارەکتەرەکانیش دەبێت، گێڕەوەی هەمووشتزان باس لەخیانەتی هاوسەرگیری

کوڕی بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری "کورد گاشە دەکات" بەناوی "د.ن. فۆرد" ، لەگەڵ ئەوەی خێزاندارە بەدوای ژنێکی سۆزانی دەکەویت هەرچیماڵ و سامانی هەیە، بە هی دایك و باوکیشیەوە، بەژنەکەی دەدات، خانوو و زێری بۆ دەکڕێت، لەدوای ئەمەشەوە خێزانەکەیان هیچیان بۆ نامێنێتەوە، باری ئابووریيان خراپ دەبێت و خانووەکەشیان بەهۆی کەلەکەبوونی قەرزێکی زۆرەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت.

**((- ... نەت زانیوە خانووی فۆرد دەستی بەسەرگیراوە؟...**

**- ئەم قسەیەت لەکوێ هێناوە، تیتروسکی دەندووکخواری باڵشکاو**

**- ئێستا واز لەوە بێنە و با خەمێك لەخانمی فۆرد بخۆین،**

**چونکە ڕەنگە کەلاوەی دەست نەکەوێت و لەم تەمەنەیشدا سەختە بەکارەکەر وەربگیرێت،...**

**- ... دیارە نەتزانیوە خانمی فۆرد نەپارەی ماوە و نەخشڵیش پێت بڵێم چیان لێ هات؟...**

**- کوڕەکەی هەمووی داوەتە سۆزانییەکی کورد.**

**- ... ئەگەر درۆ نییە ناوی سۆزانییەکەم پێ بڵێ!...**

**- هێشتا ناوەکەیم وەرنەگرتووە، بەڵام ڕۆژگارێك هەواڵی تەواویم پێ دەگات. جەنابی فۆرد بەڕێگەی خۆی هەوڵی دەدا بیدۆزێتەوە،...)).** (کاروان کاکەسوور، 2024، ل154-155).

لەم دەقەدا، ڕۆماننووس کێشەکانی خێزانی "فۆرد"ی دەخاتەڕوو، کە لە ڕێگای پەیوەندییەکی سۆزانییەوە بەرەو لەناوچوون دەڕوات. ئەم بارودۆخە نموونەیەکی زیندووە کە بڕیارە نادروستە کەسییەکانی ئەندامانی خێزان دەتوانن کاریگەرییەکی ویرانکەریان لەسەر هەموو ئەندامانی خێزان دەبێت. کوڕەکەی "فۆرد" بە پێدانی هەموو سامانی خێزانەکەی بە ژنە سۆزانەیەکە، نەک هەر خۆی تووشی هەژاری دەکات، بەڵکو تەواوی خێزانەکەی دەباتە خوار هێڵی هەژارییەوە. ئەم کارە ئەوە پیشاندەدات کاتێک مرۆڤ بە دوای کارێکی هەڵەوە دەبێت، زۆربەی کات توانای بڕیاردانی دروستی نابێت لە ئاست کەسی بەرانبەر ئامادەیە هەموو شتێک بکاتە قوربانی.

یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی دیکەی ئەم ڕۆمانە "ئادەم نەشئە"یە ، کە باوکی لە تەمەنی منداڵیەوە جێیان دەهێڵێت و بەدوای ژنێکی دیکە دەکەوێت و ئەرکی بەخێوکردنی ئەم منداڵەش دەکەوێتە ئەستۆی دایکی، دایکیشی وەکو پیاوان بە ئەسپ و عارەبانە گواستنەوە بە خەڵك دەکات بەرامبەر وەرگرتنی بڕێك پارە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانییان، بەهۆی ئەم کارەوە دەکەونە بەر تانە و تەشەنەی خەڵکەوە بەتایبەتیش پیاوان، بەڵام دایکی "ئادەم " گوێی بەهیچ شتێك نادات لەپێناو بەخێوکردنی منداڵەکەیدا.

**((... بەوەی باوکی بازرگانی کاتژمێرە و لە بازاڕدا کەسێکی ناسراوە، کە هەر لەو ڕێیەشەوە دایکی ئەوی ناسیوە، بەڵێ، کاتێ بە مەبەستی ساغکردنەوەی کاتژمێر چووەتە شاری (ص... ط)، ناسیویەتی و پەیوەندییەکە گەیشتووەتە ئەوەی ماڵ پێکەوە بنێن، بەڵام لە شارەکەی ئەو نا، بەڵکو لە پێتەختدا، بۆیە باوکی ڕازی نەبووە. ئیدی ئەو لەگەڵیدا هاتووە و گوێی نەداوەتە کەسوکاری. تازە (ئادەم نەشئە) پێی گرتووە، کاتێ ژنێکی دیکە دەناسێت و ئەو جێ دەهێڵێت. هەر خۆی بە کولە مەرگی تاقانەکەی پێ گەیاندووە، بۆیە خەڵك بەناوی ئەوەوە بانگی دەکەن.** (کاروان کاکەسوور، 2024، ل303-304).

لەم دەقەدا، ڕۆماننووس تابلۆی قوربانیدانی دایک دەخاتەڕوو، لە ڕێگای بەراوردکردنی ڕۆڵی دایک لە بەرامبەر ڕۆڵی باوك. کاتێک باوکی "ئادەم" خوی لە بەرپرسیارێتی خێزانەکەی دەدزێتەوە و بەدوای ژنێکی دیکە دەکەوێت. دایکی "ئادەم" بە پێچەوانەوە هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خێزانەکەی دەگرێتە ئەستۆ. ئەم بەراوردکردنە ئەوە پیشاندەدات، کە دایکان بە شێوەیەکی سروشتی ئامادەن بەرگەی هەموو تاقیکردنەوە قورسەکانی ژیان بگرن لە پێناو خۆشەویستی و سەلامەتی منداڵەکانیان. هەروەها شووکردنی دایکی "ئادەم" بە باوکی "ئادەم" سەرەڕای ڕازی نەبوونی بنەماڵەکەی نیشاندەری ئەوەیە، کە زۆربەی کات ژنان ئامادەن بەرەنگاری نایەکسانی کۆمەڵایەتی و فشارەکانی بنەماڵە ببنەوە بۆ دابینکردنی خۆشەویستی و دروستکردنی خێزانێک. بەڵام کاتێک باوکی "ئادەم" خوی لە بەرپرسیارێتی خێزانەکەی دەدزێتەوە ، دایکی "ئادەم" بەرەنگاری ئەو بەرپرسیارێتییە دەبێتەوە بۆ بەردەوامبوونی خێزانەکەی لە ژیاندا. ئەم کارە نیشاندەری ئەوەیە کە دایکان ئامادەن ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە بۆ دڵنیابوونەوە بۆ ئاسایش و سەلامەتی منداڵەکانیان. هەروەها بانگکردنی "ئادەم" بەناوی دایکیەوە لەناو خەڵکدا نیشاندەری ڕێزگرتن و پێزانینی کۆمەڵایەتییە بۆ ڕۆڵ و گرنگی دایکان لە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی نەوەکانی داهاتوودا.

### 4-5-2: دەستدرێژی سێکسی :

دەستدرێژی سێکسی پرسێکی بەرچاوە لە کۆمەڵگەکانی جیهاندا، کاریگەری لەسەر هەموو ڕەگەز و چین و توێژێك دەبێت و جۆرێکە لە توندوتیژی بەبێ ڕەزامەندی مرۆڤ خۆی بە زۆر ناچار دەکرێت بۆ کاری سێکسی، کاریگەری دەستدرێژی سێکسی درێژخایەنە، چونکە تەنیا کاریگەری لەسەر قوربانییەکە نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەکان و سیستەمی چاودێری تەندروستی و پێکهاتە یاساییەکانیش دەبێت. دەستدرێژی سێکسی بە پەلاماری ڕەگەزی نێر بۆ سەر ڕەگەزی مێ یان ڕەگەزی نێرێکی دیکە دادەنرێت. لەوانەیە بەپێچەوانەوە بێت دەست درێژییەکە لە لایەن ڕەگەزی مێ بۆ سەر ڕەگەزی نێر بکرێت، کە زۆرجار کەسێکی پێگەیشتوو لەگەڵ کەسانی کەم تەمەن و منداڵ ئەنجامی دەدات. ئەمجۆرە مرۆڤانە دوژمنی کوشندەی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەن و هەروەها ڕووخێنەر و پوکێنەری کۆمەڵێک بەهای جوانی ڕەوشت و داب و نەریتەکانن، چونکە کاریگەرییە نەرێنییەکان و مەترسیەکانیان هیچی کەمتر نین لە کۆمەڵێک ئافات و دەرد و بەڵا و نەخۆشی، کە دووچاری کۆمەڵگە دەبنەوە و دەبنە مایەی هەڵوەشاندنەوەی گەڵێك لە جومگەسەرەکییەکانی کۆمەڵگا. (Duggan,2016,149) . ئەم مرۆڤە لادەرانە بە چەندین تایبەتمەندی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و نواندن و ڕوخسار و ئەتەکێتدا دەناسرێنەوە، بەلای زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە نامۆ و نەشیاو نەگونجاون. (مرینی، 2007، ل162) .

دەستدرێژیی سێکسی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، لێکەوتەی ئەم توند و تیژیەش لە یەکتر هەڵوەشاندنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و داتەپین و دارمانی ئاکاری و کۆمەڵایەتیی و ئاینی و مرۆڤبوونن. (قادر، 2022، ل191). هەروەها زامێکی قووڵ لە ویژدانی مرۆڤەکاندا دروست دەکات. ئەمجۆرە توندوتیژیە، یەکێکە لە کێشە گرینگەکانی تاک و کۆمەڵگە هەر وەک "ئەلیکساندەر کۆلنتای" دەڵێت: ((لە نێوان مەسەلە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگەدا گرفتی جنسی یەکێکە لە کێشە گرینگەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کە بەردەوام زەین و بیری

مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، لە جیهانی ئێستادا بە دەر لە دوورگە ئەفسانەییەکان، لەسەر زەمین خەڵکانێک پەیدا نابن، کە گرفتی پەیوەندی سێکسی تێدا یەکێک لە گرفتە کۆمەڵایەتیە گرینگەکانیان نەبێت)). (خلیل، 2010، ل120). واتە: تەنیا لە ئەفسانەکاندا نەبێت، ئەگینا لە هەر شوێنێکی سەر زەوی سەیربکەیت مرۆڤی تێدا بژیت ئەمجۆرە کێشە و گرفتانەی تێدا دەبێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کردن لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ و نەبوونی ئازادی سێکسی و پەروەدەی خێزان و کۆمەڵگە و ... تاد. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، تەنانەت لای تاکەکانی یەک کۆمەڵگەش بە یەک شێوە نییە، ڕۆماننووسانیش هەریەکە و بەشێوەیەکی جیاواز ئاماژە بەم بابەتە دەکەن و لە دەقەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە. ڕۆماننووس لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە و چەکدارەکان"دا، باسی ئەم دەرد و کێشە کۆمەڵایەتییەی دەکات، کە لەلایەن هەندێ لە کەسانی نەخۆشی کۆمەڵگە دەکرێتە سەر هەرزەکاران. "ئامانج " وەکو گێڕەوەی کەمشتزان و کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە هۆکاری مردنی "داندی" بۆ هاوڕێیەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێک "داندی " و "شۆڕش" ویستوویانە بەدزییەوە بچنە ماڵی "حاجی عوبێد بۆخچی" بۆ ئەوەی هەموو ئەو پارانەی کە ساختەبوون کۆیی کردبوونەوە و لێی بسووتێن، بەڵام لە ماڵی "حاجی عوبێد" دا "داندی " ناتوانێت خۆی دەربازبکات و لەلایەن پیاوەکانیەوە دەگیرێت و دەستدرێژی دەکەنە سەری و تا بەیانی سرەی لەسەر دەگرن. **((ڕاستییەکەی برینی گەورە کرابووە کۆمی (داندی)ەوە، چونکە کاتێك پیاوەکانی (حاجی عوبێد بۆنچی) لێیان بە ئاگا دێن و پەلاماریان دەدەن (شۆڕش) خۆی دەرباز دەکات، ئەگەر چی لەو کاتە شتێکی تیژ بەناو لە پی ڕاستیدا دەچێت و هەڵیدەتلیشێنێت، بەڵام ئەو دەستگیر دەکرێت... سەرەی لەسەر دەگرن و بەیانی بەرەڵلای دەکەن... (داندی) نەیدەتوانی بە چاکی هەنگاو بنێت و خوێن بە لارانیدا دەهاتە خوارێ...))**.(کاروان کاکەسوور،2020، ل203). ئەم دەقە ئەوە پیشاندەدات، کە دەستدرێژیی سێکسی وەک چەکێک بۆ سزادان و ترساندنی کەسانی دیکە بەکاردێت، بەتایبەتی لە دۆخە ناجێگیرەکانی کۆمەڵگەدا. ئەم کردەوانە زۆرجار هیچ پەیوەندییەکیان بە حەزی سێکسی نییە، بەڵکوو بۆ ترساندن و شەرمەزارکردنی کەسی بەرامبەر بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤانێك هەن بۆ تێرکردنی حەزوئارەزووەکانیان ئەم کارە ئەنجامدەدەن. کاریگەرییە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمجۆرە دەستدرێژییە زۆر قووڵ و درێژخایەنە و دەتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ و بەردەوام بێت. کە ڕەنگەقوربانییەکە تووشی "ترۆما، خەمۆکی، مەترس لە خەڵک و کێشەی دروستکردنی پەیوەندی" ببێتەوە. هەروەها، ئەمجۆرە کردەوانە نەک هەر کاریگەری لەسەر تاکەکەس دروست دەکات، بەڵکوو کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگەکەش دەبێت، چونکە زۆر جار ئەمجۆرە کردەوانە دەبنە هۆی دروستبوونی ترسێك لەلایەن خەڵکەوە کە باوەڕیان بە یاسا و نیزام و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لاواز بکات یاخود هەر نەمینێت. چونکە دەبینن، کە یاسا و نیزام ناتوانێت بەپێیی پێویست بیان پارێزێت.

لە دەقێکی دیکەدا، "هەتاو" وەکو گێڕەوەی کەمشتزان باسی "سابیر پەپولە"ی باوکی میدیا دەکات، کە دوای دوو ڕۆژ لە سووتانی کچەکەی کوڕێکی هەرزەکار دەباتە ناو گۆرستان و دەستدرێژی دەکاتە سەری و "هەتاو" لە سەرەتا وای زانییووە براکەیەتی، دواتر بۆی دەردەکەوێت کەسێکی ترە و بەزۆری بردوویەتی، ئەویش ئەم کارەی پێ قبوڵ ناکرێت و بە بەردێکی گەورە لە سەری دەدات، دواتر بەوهۆیەوە "سابیر پەپوولە" گیان لە دەست دەدات. **(( من باوکیم بینی کوڕێکی هەرزەکاری بۆ قولایی گۆڕستان دەبرد... کوڕەکە شەپقەیەکی لەسەری کردبوو و بە پێشەکەی**

**تاڕادەیەک دەموچاوی خۆی شاردبووەوە... دیمەنەکەیان سەیر دەردەکەوێت و نەدەکرا گومانیان لێ نەکەم... دنیا هەندێک تاریک بوو، بۆیە وام زانی ئەو کوڕە (هەژار)ی برامە... شێوەی زۆر لەو دەچوو... ئەگەر چی تا بڵێی بەوە تێک چووم، بەڵام ویستم بەسەر خۆمدا زاڵ ببم، بۆ ئەوەی نەهێڵم لە ژێر دەستم دەربچێت... بەردێکی گەورەم هەڵگرت و بە ئەسپایی دوایان کەوتم... لەکاتێکدا ئەو شەڕواڵی داکەندبوو و کوڕەکەی خستبووە ژێر خۆیەوە، من تا تینم تیابوو بەردم هەڵبڕی، تاکو بەکەللـەیدا بکێشم... ئەوسا منی بینی، بەڵام فریای هیچ نەکەوت، چونکە خێرا تەپڵی سەریم کردە نیشانە... ئەوەندەم زانی کەوتە سەر زەوی نەقەی لێ بڕا ،...)).** (کاروان کاکەسوور،2020، ل320). مەبەستی سەرەکی ڕۆماننووس لەم دەقەدا ئەوەیە، کە دەیەوێت لە ڕێگەی کارەکتەری "سابیر پەپولە"وە ئەوەبخاتەڕوو، کە ئەمجۆرە کردەوە زیانبەخشانە لە بنەڕەتدا لەلایەن کەسانێك ئەنجامدەدرێت، کە بەهێزن لەڕووی جەستەیی و حەزی دەسەڵاتداری و زاڵبوونیان هەیە بەرامبەر بەو کەسانەی کە لە دۆخێکی لاوازی دەروونیی و جەستەیی و کۆمەڵایەتیی دان، چونکە ئەم تاوانبارانە تەنیا بۆ حەزی سێکسی و تامەزرۆیی جەستەیی ئەمە ناکەن، بەڵکو بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و سەپاندنی هێزی خۆیان ئەمە دەکەن. بەمشێوەیە، ڕۆماننووس هەوڵی ئەوە دەدات، کە بە خوێنەر بڵێت کە ئەمجۆرە کردەوە زیانبەخشانە کاریگەری درێژخایەن و قووڵ و کوشندەیان هەیە، کە دەتوانێت نەک تەنیا تاکەکەس، بەڵکوو دەتوانێت هەموو کۆمەڵگە بە تەواوی تێکبدات و بڕووخێنێت.

**ئەنجام:**

لە ڕێگای شیکردنەوەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان" و "شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ"ی کاروان عومەر کاکەسوور"دا، گەیشتین بە چەند ئەنجامێکی گرنگ:

1- "کاروان عومەر کاکەسوور" بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیویەتی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕۆمانەکەیدا ڕەنگپێبداتەوە و بەهۆیەوە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی واقیعیانە پیشانبدات هەروەها هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆمەڵ و خاڵە لاوازەکان لە بیرکردنەوەی هەڵە و بەرژەوەندپەرستیدا شیبکاتەوە.

2- کوشتنی ئافرەت بە بیانووی شەرەف و ناموس دیاردەیەکی بەردەوام و گشتگیرە لە زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەم دیاردەیە هەم لە چینە نزمەکان و هەم لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات، کە ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە دەوڵەمەندی و پێگەی کۆمەڵایەتی ناتوانێت ئافرەتان لەم توندوتیژییە بپارێزن.

3- تویژینەوەکە ئەوە دەردەخات، کە نێرسالاری وەک سیستەمێکی کولتووری هەموو چینەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. لەم سیستەمەدا ئافرەت وەک کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، نەک وەک مرۆڤێک کە مافەکانی هەیە. بەزۆرەملێ بەشوودان، سنوردارکردنی ئازادی ئافرەتان و کۆنترۆڵی ژیان و چارەنووسیان لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمەن.

4-هەژاری لە هەردوو ڕۆمانەکەدا، نەک تەنیا کێشەیەکی ئابوورییە، بەڵکو دەردێکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کە کاریگەری درێژخایەن و فراوانی لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە. هەژاری وەک پرۆسەیەکی لەناوبەر دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێکهاتەی بنەماڵە و هەستکردن بە بێهێزی و نامۆیی لە کۆمەڵگەدا.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم : کتێب :**

**1: بە زمانی کوردی:**

بیرێژی، حەسەن (2013)، **ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەڕۆمانەکانی عەتا نەهایی**، چاپ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
پیرباڵ، فەرهاد (٢٠٢١)، **ڕێبازە ئەدەبییەکان**، چ٤، چاپخانەی تەهران .
حوسێنی ڕەزا سەید (٢٠٠٦)**، قوتابخانە ئەدەبییەکان**، و: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

صـــــلیوە، د. هاوژین (2013)، **ڕەهەندی دەروونی لەشـــــیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

کاکەسوور، کاروان عومەر(2020)**، کەناڵی مەیموونەچەکدارەکان**، چاپی سێیەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
کاکەسوور، کاروان عومەر(2024)، **شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ**، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

**2: بە زمانی عەرەبی:**

الأصفر، عبدالرزاق (1999)، **المذاهب الأدبية لدى الغرب، اتحاد الكتاب العرب**، دمشق.
امام علي (عليه السلام) (1415هـ)، **نهج البلاغة**، مؤسسة نشر الاسلامي، مؤسسة نشر الاسلامي، ط4.

التكريتي، د. جميل نصيف (1990)، **المذاهب الأدبية**، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية للعامة، بغداد.
تيجيم، فليب فان (1983)، **المذاهب الأدبية الكبرى في فرنســـا**، ترجمة: فريد انطونيت، طبعة الثالثة، منشـــورات عويدات، بيروت، پاريس.
الحمداني، د. ســـالم أحمد (1989)، مذاهب **الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث**، جامعة الموصـــل، مطبعة التعليم العالي.
سوداني، موسى (1975)، **دراسات في المسرحية الحديثة**، دار الحرية للطباعة، بغداد.

طابور، مهند (1990)، **الواقعية في المسرح**، مطبعة الامة، بغداد.
علوش، سعيد د. (1983)، **معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة**، بيروت، لبنان.
غاتشيف، غيورغي (1990)، **الوعي والفن دراسات في تاريخ الصورة الفنية**، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.
فضل، د. صلاح (1978)، **منهج الواقعية في الابداع الأدبی**، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
مجموعة المؤلفين (1976)، **الواقعية الاشـــتراكية في الادب والفن**، ترجمة: محمد مســـتجير مصـــطفى، الطبعة الاولى، دار الثقافة الجديدة، القاهيره .

مريني، محمد، (2007)، **سيكولوجية القراءة**، دار النشر حسور، المغرب.

يورسوف، يوريس (1974)، **الواقعية اليوم وأيدا**، دار الحرية للطباعة، بغداد.

**3- بە زمانی ئینگلیزی:**

Duggan, L. (2016). *Sex wars: Sexual dissent and political culture*. Routledge.

**دووەم: گۆڤار:**
خدر، ڕێزان ڕەحمان، ( 2006)، **ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەیی**، لە ئەدەبدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(114).

قادر و ئیبراهیم، د.کارزان موحسین و سەمیر ئەحمەد، (2023)، **سێیانەی ئایین و ژن و مەرگدۆستیی لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)ی شێرزاد حەسەن لەڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییەوە**، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (57) هەولێر.

**سێیەم: کۆنفرانس :**

حەوێز، د.سروشت جوهر (٢٠١٨)، **دڵدار شاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعر و هزری نەتەوەیی، سێیەمین**، د. عوسمان دەشتی، شوێن، کۆیە.

**چوارەم: نامە ئەکادیمییەکان:**

بەکر، خەندە حاجی (2023)، **ڕیالیزم لە کۆچیرۆکی (هەڵۆ)ی (ڕەئوف بیگەرد)دا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

حەمەد، کانیاو ڕەحمان (2015)، **ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان** لە ڕۆمانەکانی ((کەریم کاکە))دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

خلیل، سمیە نجیب، (2010)، **ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کوردیدا (2000-2009ز)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ڕەسوول، هەڵمەت بایز (2012)، **ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا**، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

علی، محمد شفیع (2015)، **دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەخت (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی کچان لە شاری هەولێر)**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عومەر، سامان عوسمان (٢٠١١)، **ڕیالیزم لە شیعری بێکەس دا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

غفور، عبدالسمد قادر (2015)، **ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

قادر، سەرکەوت سەعدی (2011)، **نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (سەلاح عومەر)دا**، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

مستەفا، هێرۆ عبدالرحمن (٢٠٠٩)، **ڕیالیزم لە شیعری ئەحمەد دڵزاردا**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.


## References


Bireji, H. (2013). *The social dimension in the novels of Ata Nahayi*. Roshnbiri Press.

Pirbal, F. (2021). *Literary schools* (4th ed.). Tehran Press.

Husseini, R. S. (2006). *Literary schools* (H. K. Arif, Trans.). Ministry of Education Press.

Saliwa, H. (2013). *The psychological dimension in the poetry of Latif Halmat*. Rojhelat Press.

Kakasur, K. O. (2020). *The channel of the monkey fighters* (3rd ed.). Sardam Press.

Kakasur, K. O. (2024). *The failures of the Shadmal family*. Sardam Press.

**Arabic Sources**

Al-Asfar, A. (1999). *Literary schools in the West*. Arab Writers Union.

Ali, I. (1415 AH). *Nahj al-Balagha* (4th ed.). Islamic Publishing Foundation.

Al-Tikriti, J. N. (1990). *Literary schools* (1st ed.). House of Cultural Affairs.

Van Tieghem, P. (1983). *Major literary schools in France* (F. Antoinette, Trans.) (3rd ed.). Oueidat Publications.

Al-Hamdani, S. A. (1989). *Western literary schools and their manifestations in modern Arabic literature*. University of Mosul Press.

Sudani, M. (1975). *Studies in modern drama*. Dar Al-Hurriya Press.

Tabur, M. (1990). *Realism in theater*. Al-Ummah Press.

Alloush, S. (1983). *Dictionary of contemporary literary terms*. Beirut.

Gachev, G. (1990). *Consciousness and art: Studies in the history of the artistic image*. World of Knowledge Series.

Fadl, S. (1978). *The method of realism in literary creativity*. Egyptian General Book Organization.

Mustajir Mustafa, M. (Trans.). (1976). *Socialist realism in literature and art*. New Culture House.

Merini, M. (2007). *Psychology of reading*. Hasour Publishing House.

Yursov, Y. (1974). *Realism today and its ideals*. Dar Al-Hurriya Press.

**Journal Articles**

Khidr, R. R. (2006). The reflection of critical realism in literature. *Raman Journal*, (114).

Qadir, K. M., & Ahmad, S. (2023). The triad of religion, woman, and death-love in the novel *The Last Night of the Descent of Jesus* by Sherzad Hassan from the perspective of cultural criticism theory. *Kurdish Academy Journal*, (57).

**Conference Paper**

Hawiz, S. J. (2018). Dildar: The poet of linguistic authenticity, poetry, and national thought. Paper presented at the Third Conference, Koya.

**Theses and Dissertations**

Bakr, K. H. (2023). *Realism in the short story "Halo" by Raouf Begard* (Master's thesis, Salahaddin University).

Hamad, K. R. (2015). *Political and social events in the novels of Karim Kaka* (Master's thesis, Salahaddin University).

Khalil, S. N. (2010). *Women in Kurdish women's novels (2000–2009)* (Master's thesis, Salahaddin University).

Rasul, H. B. (2012). *The psychological dimension in the stories of Sherzad Hassan*. Mukriyan Press.

Ali, M. S. (2015). *The phenomenon of early marriage: A field study in girls' preparatory schools in Erbil* (Master's thesis, Salahaddin University).

Omar, S. O. (2011). *Realism in the poetry of Bekas* (Master's thesis, University of Sulaymaniyah).

Ghafur, A. Q. (2015). *Literary genres in Hataw magazine* (Master's thesis, Salahaddin University).

Qadir, S. S. (2011). *Alienation in the novels of Salah Omar*. Kurdish Academy Publications.

Mustafa, H. A. (2009). *Realism in the poetry of Ahmed Dilzar* (Master's thesis, Salahaddin University).